بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە
دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

122
25 ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری 2025



## شەڕی ئۆکرانیا و پێشنیاری ئاشتی ترامپ!

موحسین کەریم

بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی بەشێک لە چەپی ئەوروپی کە پێیوابوو ئەوەی لە ئۆکرانیا دەگوزەرێ شەڕی ڕوسیایە دژ بە خەڵکی ئۆکرانیا، بۆیە ئەو شەڕە لەلایەن ئۆکرانیاوە شەڕی بەرگریەو ڕەوایەو شایستەی پشتیوانیە، کە لەڕاستیدا ئەم لێکدانەوەیە دەنگدانەوەی سەدای هەر ئەو پڕوپاگەندە سیاسیەی ئەمریکاو ناتۆ بوو کە سەبارەت بە شەڕەکە بڵاویان دەکردەوە، ئێمە کۆمۆنیستە پێمانوابوو کە ئەوەی ڕودەدات شەڕی نێوان ڕوسیا و ناتۆیە و لەسەر خاکی ئۆکرانیا بەڕێوەدەچێت. هاوکاری بێدرێغی ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەوروپا، بەتایبەتی بەریتانیا و فەرەنساو ئەڵمانیا لەڕووی چەکی پێشکەوتوو، هاوکاری زانیاری و هەواڵگری، هاوکاری دارایی، هاوکاری لۆجستیکی و مەشقی سەربازی و بگرە ئامادەبوونی شارەزایانی سەربازی و هەواڵگری ئەمریکی و ئەوروپی لەئۆکرانیا و پشتیوانی دەوڵەتانی ناتۆی دروانسێی ئۆکرانیا، هەموو ئەوانە کە بەشێوەی ئاشکرا ئەنجام دەدرا، ئەم ڕاستیەی بۆ هەر مرۆڤێک پشتڕاستکردەوە کە کەمێک سەلیقەی سیاسی هەبێت.

بەپێی ئەو بەڵگانەی کە دواتر ئاشکرا کران، دوای روخانی یەکێتی سۆڤیەت، روسیاو ناتۆ لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە کۆتایی بە بارگرژیەکان بهێنن و کێبرکێی میلیتاریستی نێوانیان ڕابگرن، لەبەرامبەردا ناتۆ " یەک ئینج بەرەو ڕۆژهەڵات نەکشێت"، بەڵام ئەوەی ڕوویدا، نەک هەر ناتۆ بەرەو ڕۆژهەڵات کشا، بەڵکو گەیشتە سەر سنورەکانی ڕوسیا. ئەمەش لەلایەن روسیاوە کە تازە خەریک بوو لە مۆتەکەی کاریگەریەکانی دوای روخانی

بۆ لاپەڕە ۲



## گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزب سەبارەت بە کۆڕبەندی (ئاشتی و ئاسایش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست-MEPS) لە زانکۆی ئەمریکی لە دهۆک!

بۆ لاپەڕە ٣



## عێراق لەبەردەم ئایندەی حکومەتێکی ئیفلیجدا!

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٦

بەیاننامەی حزب ؛ هەڵبژاردن تەواو، خواستەکانی کرێکاران و خەڵکی ناڕازی لەشوێنی خۆیەتی! ........لاپەڕە ٨

ڕاپۆرتێک لەسەر دووچالاکی کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ جوڵانەوەی کریکاریی ئێران ........ لاپەڕە ٩

* دژواری جەنگی زیندوومانەوە تا کەی؟
بنار مستەفا ........لاپەڕە ١٢

* دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردن: شانۆگەرییەک بۆ درێژەدان بە برسیکردن و سەرکوتکاری! توانا محەمەد نوری.....لاپەڕە ١٣

* کۆمەڵێک بەیاننامەی جۆراوجۆر .... لاپەڕەکانی ١٥-١٧

* بەیاننامەی حزب بەبۆنەی ٢٥ نۆڤەمبەرەوە .....لاپەڕە ١٧

* کشانەوەی گەریلاکانی پەکەکە لە ناوخۆی تورکیا!
عوسمانی حاجی مارف.......لاپەڕە ١٩

لیۆن ترۆتسکی؛ مێژووی شۆڕشی ڕووسیا
بەرگی یەکەم: ڕووخاندنی تزاریزم/ بەشی ١٥
بەلشەفییەکان و لینین (بەشی پێنجەم) ...... لاپەڕە ٢١

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی....... شەڕی ئۆکرانیا و پێشنیاری ئاشتی ترامپ!

سۆڤیەت رزگاری دەبوو، وە وەکو زلهێزو جەمسەرێکی ئیمپریالیستی خۆی سازدەدایەوە، قبول نەکراو سەرەنجام لەساڵی ٢٠١٤ دا بەرامبەر هەوڵەکانی ناتۆ بۆ پەیوەستکردنی ئۆکرانیا، هێرشی کردە سەر دورگەی "قەرم- کریما" و داگیریکرد. ئەوکات ناتۆ، رێکەوتنامەیەکیان لەگەڵ روسیادا واژۆکرد کە ئۆکرانیا بەهیچ جۆرێک ناتوانێ ببێت بە ئەندامی ناتۆ، بەڵام وەکو لە دەربرینەکانی مێرکڵ، راوێژکاری پێشووی ئەڵمانیادا ئاشکرا کرا، ئەو رێکەوتنە بۆئەوە بووە کە سوپای ئۆکرانیا بەهێزبکرێت بەرامبەر بە روسیا و رێکەوتنە بۆ کڕینی کات بووە بۆ ئۆکرانیا و ناتۆ!

روسیا بەرامبەر بەم پیلانەی ناتۆ، هێرشی سەربازی بۆسەر ئۆکرانیا لە ساڵی ٢٠٢٢دا دەستپێکرد. هۆکاری هێرشەکەشی بەوە پاکانەکرد کە بۆ پشتیوانی لە هاولاتیانی چەند هەرێمی رۆژهەڵاتی ئۆکرانیایە کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی روسن و لە ریفراندۆمێکدا پەیوەستبوونی خۆیان بەروسیاوە راگەیاندبوو، بەڵام کەوتبوونە بەر پەلاماری سوپای ئۆکرانیا! بێگومان ئەم پاساوە، جەوهەری راستەقینەی هێرشەکەی روسیا بەیان ناکات، بەڵکو بۆ روسیا ئەندامبوونی ئۆکرانیا لە هاوپەیمانی ناتۆدا وەکو مەترسیەکی وجودی لەسەر روسیاو پێگەی جیهانی خۆی وەکو وولاتێکی سەرمایەداری و جەمسەرێکی جیهانی لێکدەدرێتەوە. بۆیە لەڕاستیدا شەڕەکەی روسیا و ئۆکرانیا، کە لەسەر خاکی ئۆکرانیا بەڕێوە دەچێت و سەربازی ئۆکرانی دەکوژرێن، شارو ماڵو حاڵی خەڵکی ئۆکرانیا ویران دەبێت، ملیۆنەها هاولاتی ئۆکرانیا ئاوارەی وولاتانی ئەورووپی کردوە، شەڕی ناتۆیە لەگەڵ روسیا، کە لەبەری روسیاشەوە دەیان هەزار سەرباز لە کرێکاران و خەڵکی کەمدەرامەت کراونەتە قوربانی سیاسەتی ئیمپریالیستی سەرمایەداری روسیا بەناوی پاراستنی روسیا لە مەترسی تیاچوون و بەرگریکردن لە نیشتمان و شکۆی روسیا!

ئەمریکاو ناتۆ لە شەڕەکەیاندا لەگەڵ روسیادا شکستیان هێنا. نەیانتوانی سەربازی گەمارۆی ئابوری توند و پاڵپشتی و هاوکاریە سەربازیە سەخاوەتمەندانەکانیان بۆ ئۆکرانیا، ئابوری روسیا نابوت بکەن و هێزی سەربازی روسیا لە پێشڕەوی بۆناو ئۆکرانیا رابگرن. تەنیا یەک رێگەیان هەبوو بۆ شکستپێهێنانی روسیا، ئەویش بەشداری راستەوخۆی سوپای ناتۆ بوو لەشەڕەکەدا، کە ئەوەش لەگەڵ وولاتێکی خاوەن هەزاران چەکی ئەتۆمیدا لەناوبردنی خۆشیان بوو، نەک تەنها روسیا. دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا ئێستا لەو راستیە تێگەیشتوە و پێشنیارەکانی ترامپ بۆ ئاشتی دانانە بەو واقعیەتەدا. کۆبونەوەی ئالاسکای نێوان ترامپ و پۆتین و دواتریش پێشنیارە ٢٨ی خاڵیەکەی ترامپ بۆ زیلینسکی سەرۆکی ئۆکرانیا کە بەپێی ئەوەی دزەی کردوە بۆ میدیاکان، زۆربەی مەرجەکانی روسیای دەستبەرکردوە، تەنانەت بەشێک لە سیاسەتمەدارانی رۆژاوایی بەپێشنیاری خۆبەدەستەوەدانی ئۆکرانیای ناودەبەن، ئەوە نیشان دەدات کە:

ئەمریکا هێزی سەرەکی و بڕیاردەری ناو ناتۆیە و ئەورووپا هەمیشە وەکو براپچووک و قەڵغانی پێشەوەی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بووە بەرامبەر بە سۆڤیەت لە پێشوودا و دواتریش بەرامبەر بەروسیا، ئێستا ئیتر بەرژەوەندی لەوەدا نیە درێژە بەو شەڕەبدات لەگەڵ روسیادا. بەکردەوە بۆی دەرکەوت کە لەباری سەربازیەوە ناتوانن روسیا بشکێنن. روسیاش ئەو ئیدیعایەی نیە کە چ لەباری سەربازیەوە ئەمریکا شکست پێدەدات و چ لەباری ئابوریشەوە دەتوانی رکابەرێکی گەورەی ئەمریکا بێت، بۆیە روسیا ئەوەندەی دەوێ کە وەکو جەمسەرێکی جیهانی سەرمایەداری لەلایەن ئەمریکاوە بەتایبەتی و ئەورووپاوە قبول بکرێ. کێشەی سەرەکی ئەمریکا لەگەڵ چیندایە کە وەکو دێوێکی ئابوری گەمارۆی ئابوری جیهانی داوە و هەڕەشە لەباڵادەستی و هەژمونی ئابوری ئەمریکا دەکات لەئاستی دنیادا. ئەمریکا دەبێت خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی چین ئامادەبکات. مەیدانەکانی روبەڕووبونەوەی لەگەڵ چیندا لە تایوانەوە دەستپێدەکات، تا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەفریقا، ئەمریکای لاتین و بگرە ناوخۆی ئەورووپا و ئەمریکاش! ستراتیژی نوێی ئەمریکا وەکو جەمسەرێکی ئابوری- سەربازی پێشگرتنە بە پێشرەویکردنی چین و جیلێزکردن بە ئەمریکا. ئەورووپاش سەرەنجام دەبێ هەروەکو ئۆکرانیا، لەریزی دواوە دابنیشن و چاوەڕێی رێکەوتنی نێوان ترامپ و پۆتین بن! ئەوان شەرکەرە راستەقینەکان نین!

★

ئۆکتۆبەر بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانە
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!
بۆ پەیوەندیگرتن: ڤایبەر و واتس ئەپ و مۆبایل: 0044(0)7394013135
ئیمێل: Muhsin_km@yahoo.com
ماڵپەڕی ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.infinityfreeapp.com/?i=1
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک: October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

# گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزب سەبارەت بە کۆڕبەندی (ئاشتی و ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست- MEPS) لە زانکۆی ئەمریکی لە دهۆک!

ئۆکتۆبەر: وەکو خۆتان ئاگادارن ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٨ ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر، شەشەمین کۆڕبەندی ئاشتی و ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئەمریکی لە دهۆک دەستی بەکارەکانی کرد و بەپێی ڕاگەیاندنەکانی سەر بە سەرۆکی حکومەتی هەرێم، کە کۆڕبەندەکەی بەڕێوەدەبرد، نزیکەی ١٥٠ سەرکردەی ناخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی لە ٢٥ وولاتەوە، بە ئامادەبوونی نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان، تیدا بەشدار بوون. ئەگەرچی ئەم کۆڕبەندە ساڵانە ئەنجام دەدرێ، بەڵام ئەمساڵ لەکاتێکدا بەڕێوەدەبرێت کە تەنها چەند ڕۆژێکە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق تەواوبووە. کەوایە تاچەند سازدانی ئەم کۆڕبەندە پەیوەندی بەدۆخی دوای هەڵبژاردنەوە هەیە؟

خەسرەو سایە: بەدڵنیایەوە بەستنی ئەمساڵی کۆڕبەندی "مێپس"، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەدۆخی دوای هەڵبژاردنەوە هەیە، تەنانەت بەجیالەوەی کەڕیخەرانی کۆڕبەندەکە چ نیازو بەرنامەیەکیان هەبووە، بەلام ڕاشکاوانە بڵێم کەسازدانی ئەمساڵی کۆڕبەندەکە بەوجۆرەی کەلەماوەیەکی کەمی چەندرۆژەی دوای تەواوبوونی هەڵبژاردندا هاتەکایەوە، پرۆژەیەک بوو بەدەستپێشخەری وپلانی پارتی سازدراوە و بۆ نمایشی توانا و دەسەڵاتی پارتی بەرامبەر بەکۆمەڵگاو لایەنەکانی تر چ لەعیراق وچ لەکوردستان ودانی پەیامێک پێیان، وەک هێزێکی براوەی یەکەم لەئاست کوردستان وهێزی دووەم لەئاستی عیراقدا، هوشیارانە بەدەستەوەگیراوە. ئەوەی لەپرسیارەکەی ئێوەشدا هاتووە کە گۆڕبەندەکە لەلایەن دەزگایەکی سەربە حکومەتی هەرێمەوە بەرێوەبراوە وکراوەتە جێگای دەرکەوتنی سەرانی وردو درشتی پارتی، ڕاستی ئەم قسانە دەسەلمێنێ. بەگشتی کۆڕبەندەکە بوو بەجێگایەک بۆ مانۆڕلێدان وهێزنواندنی پارتی بەرامبەر بەحەریفەکانی. واتە دوای تەواوبوونی هەلبژاردن وراگەیاندنی ئەنجامەکانی، ئیتر پارتی خۆی دۆخیکی تازەدا دەبینێتەوە بۆ مامەلەکردن هەم لەگەڵ لایەنە عێراقی و کوردستانیەکاندا وهەم لەگەڵ دۆخی دوای هەڵبژاردنەکاندا، تا لەهاوکێشەیەکی تازەدا جێگەبگرێ ومەرج وداواکانی خۆی بەسەریاندا داسەپێنێ. لەم ڕوانگەیەوە کۆڕبەندەکە نەک هەر چالاکیەکی ڕۆتین و ئاسیایی نەبووە بگرە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەدۆخی دوای هەڵبژاردنەکان وئەم ئەنجامەوە هەیە کەپارتی پێی گەیشتووە.

ئۆکتۆبەر: وەک بینیمان دەرکەوتنی پارتی لەکۆڕبەندەکەدا، ڕۆڵیکی بەرجەستە وسەرەکی هەبوو، بەرادەیەک کەکۆڕبەندەکە بەگوتەی مەسعود بەرزانی دەستی پیکردو پاش ئەویش سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت و ئینجا چەند ئەندامانیکی مەکتەبی سیاسی و وەزیرەکانی پارتی وتاریان داو هەریەکەشیان بەجۆرێک پەیامێکی دا.. ئێوە چ خویندنەوەیەکتان هەیە بۆ ئەم ئاستە لەدەرکەوتنی پارتی وپەیامی کەسایەتیەکانی لەم کۆڕبەندەدا؟

خەسرەو سایە: پێشوتر وتم کە ئەم کۆڕبەندە جێگەیەک بوو بۆ مانۆڕلێدانی پارتی و خۆنیشاندانی وەک هیزی یەکەم، تا یەکلایەنە هەق بەخوی بدات بەناوی "کوردو خەڵکی کوردستانەوە" بەرەو بەغدا بڕواو لەکوردستانیش بەم نەفەسەوە مامەڵە لەگەڵ یەکیەتیدا، بەتایبەتی و لایەنەکانیتر بەگشتی، بکا و لەسەر مەسەلەی پێکهێنانی حکومەت چ لەبەغداو چ لەهەرێمی کوردستان و دابەشکردنەوەی پۆستەکان، پاشەکشەی گەورەیان بەسەردا داسەپێنێ و ناچاریان بکات بەقەبوڵکردنی سیاسەت و بەرنامەی پارتی. بەواتایەکی تر پەیامێکی سەرەکی کە لەم کۆڕبەندەدا لەزمانی مەسعود بەرزانی وسەرانی تری پارتیەوە ڕاگەیەندرا ئەوەیە کە"دۆخەکە گۆڕاوە و بەهەمانشێوەی پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق مامەڵە ناکەین" لەپەیامێکی ئاواشدا دوو ئاڕاستە ئامادەگی هەیە: ئاراستەی یەکەم ڕووی لە لایەنەکانی عێراقە بەگشتی و ئەو لایەنە شیعیانەیە کە لە "چوارچێوەی هەماهەنگیدا" کۆبونەتە بەتایبەتی، وە دەیەوێت پێیان بڵێت کەپارتی هێزی یەکەمەو دەبێ وەک تەرەفی سەرەکی "لایەنی کورد" مامەلەی لەگەڵدا بکەن و بکەونە دانوسانەوە. ئاڕاستەی دوومیش ڕووی لە یەکیەتی نیشتمانی کوردستانە و فشاری بۆدێنێ بەوەی کە دۆخەکە گۆڕدراوە و ئیتر بەپێی "ئیستحقاقاتی ئینتخابی" مامەڵەتان لەگەڵ دەکەین و ئەگەر مل نەدەن بەمەرجەکانی پارتی بۆ پێکهێنانی حکومەتی هەرێم، ئەوا دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ئەگەرێکی بەهێزە.. پێموایە بەکورتی ئەمە پەیامی پارتی و

⇦

سەرکردەکانی بوو لەم کۆڕبەندەدا کەدایان بەگوێی خەڵکدا.

**ئۆکتۆبەر: بەلام مەسعود بەرزانی لەوتەکەیدا هەم ڕەخنەی لەیاسای هەلبژاردن گرت و هەم چەند داوایەکی دابەگوێی لایەنە عیراقیەکاندا، لەوانە: پێکهێنانی "ئەنجومەنی باڵای ئیتحادی"، سازدانەوەی "دادگای فیدراڵی عیراق"،" پەسەندکردنی یاسای نەوت و غاز"،"جیبەجی کردنی دەستورو مادەی ١٤٠" وهیتر.. لەم قسانەی مەسعود بەرزانی چی دەخوێنیتەوە؟ ئایا ئەمانە خواست وداکاری پارتین، یان مەرجەکانی دانوساندن و ڕیکەوتنە لەگەڵ لایەنە عێراقیەکاندا؟**

خەسرەو سایە: ئەگەر ئەوە قەبوڵ بکەین کەئامانج ومەبەستی پارتی لەسازدانی کۆڕبەندەکەدا، خۆنواندنیەتی وەک هێز وتەرەفی سەرەکی لەدۆخی دوای هەڵبژاردندا، ئەوا قسەکانی مەسعود بەرزانی وئەوانی تریش، بەگشتی بۆ ئەوەیە کەبڵێت مامەڵەکردن لەگەڵ"کورد"دا تەنها لەڕیگای ئێمەوە دەبێت. واتە ئێمە نوینەرایەتی کورد دەکەین لەو دابەشبونە قەومی و مەزهەبی وتایفەگەریەی کە"پەرلەمان و دیموکراسی عێراق"ی لەسەر دامەزراوە وئەوانیتر لاوەکین. ئەوەشی کە ڕەخنە لەیاسای هەڵبژاردن دەگرێ ودەڵیت نادادپەروەرانەیە! بۆ ئەوەیە کە پارتی لەپێگەیەکی باڵاتردا دابنێتەوە، واتە داوای یاسایەکی تازەی هەڵبژاردنەکان دەکات کەبەقازانجی مسۆگەرکردنی کورسیەکانی پارتی بێت نەک کرانەوەیەکی وا کە ئەو قەیدوبەندانە هەڵگرێت کە ڕێبکاتەوە هاوولاتی سادە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بەشداربێت.
تائەو جێگەیەشی کە بەخاڵەکانی "مەجلسی ئیتحادی" و"دادگای فیدراڵ"و "یاسای نەوتو گاز" ومادەی ١٤٠ دەگەرێتەوە، من پێموایە ئەمانە سەرخەتی لانی زۆری پلاتفۆرمێکە بۆ پارتی تا لەدانوساندنەکانداو بۆ وەرگرتنی ئیمتیازتی دارایی و پلەپۆستی زیاتر لەحکومەتی داهاتوی عێراقدا، بەدەستیەوەبگرێ. لەکاتێکدا ئەم بابەتانە لەفەزای سیاسی ئیستای عیراقدا و لەهاوکێشەی سیاسی وهێزەکاندا و لەدۆخێکدا کە ئێران و ئەمریکا ڕاستەوخۆ دەخاڵەتیان هەیە، نە بەکردەوە دەردێن و نە پەیوەندیان بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە هەیە چ لەکوردستان و چ لەعیراق. بگرە تەواوی ئەو بابەتانەن کە لەرابردوودا مشتومر وناکۆکی قوڵی بەدوای خۆیدا هێناوە، لەدۆخی ئێستاشدا، مەترەحکردنیان بێئاکام دەمێنیتەوەو لەزەلکاوی ئەو ناکۆکیانەدا کەهەیە دەخنکێت. لایەنێکیتر ئەوەیە کەباسکردن لەم مەسەلانە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ کەپارتی بەشوین پێگەو بەدەستهێنانی ئیمتیازات وپلەو پۆستەوەیە نەک مەسەلەکانی ئازادی وخزمەتگوزاری وباشکردنی ژیانی خەڵکی بەشمەینەت بێت. تەنانەت بۆ گەیشتن بەبەرژەوەندیەکانی خۆی ئامادەیە دەست بخاتە نیودەستی کۆنەپەرسترین لایەنو دەستەو تاقمی میلیشیاییەوە.

**ئۆکتۆبەر: ئەوەی جێگای سەرنج بوو، هیچ بەرپرسێکی یەکێتی ئامادەنەبوون یان بانگهێشت نەکرابوون بۆ کۆڕبەندەکە، لەکاتێکدا لە دیداری مییری مانگی ڕابردوو لە هەولێر، قوباد تاڵەبانی و بافڵ تاڵەبانی لە قسەکەران و پانێلیستەکانی ئەو دیدارە بوون. ئێوە چ لێکدانەوەیەکتان هەیە بۆ ئەم بەشداری پێنەکردنەی بەرپرسانی یەکێتی؟**

خەسرەو سایە: هەرچەندە قسەکەری یەکیەتی وایبڵاوکردەوە کە دەعوەت کراون، بەلام خۆیان نەیانویستووە ئامادەی کۆڕبەندەکەبن، بەلام من پێموایە پارتی جدی نەبوە لەبانگهێشتنەکەیداو سەرانی یەکیەتیش ئەوەیان زانیوە کەدۆخەکە گۆردراوەو لەگەڵ فشاری پارتی بەرەوڕوودەبنەوە، هەربەوهۆیەوە پارتی مەبەستی لاخستنی یەکیەتی بووە. هەروەک لەپرسیارەکەدا ئاماژە بەبەشداری گەرموگوڕی پاڤڵ، سەرۆکی یەکیەتی و قوباد تاڵەبانی دەکات لەکۆڕبەندی میردا کە لەهەولێر سازدرا. بەلام ئەوکاتە هێشتا پارتی بەمەبەستی پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەت پێویستی بەیەکیەتی بوو وە هەوڵی دەدا بەموجامەلەکردن رازی بکات، بەڵام کاتێک دۆخەکە کەوتە دوای هەڵبژاردنەوە پارتی ئیتر لەپێگەیەکی ترەوە مامەڵە لەگەڵ یەکیەتیدا دەکات، کەئاراستەیە بۆ لاخستن وبچوککردنەوەی چ لەسەر ئاستی عێراق وچ لەسەرئاستی ناوخۆی هەریمدا.
با ئەوەش بڵێم پارتی وەک ئەوەی کە پاڵیداوە بەتورکیاوە و چ لەرابردوواو چ بەم دوایانەش چ لەپەیوەند بەمەسەلەی کورد لەتورکیاو چەکدانانی پەکەکەوە و چ لەئاستی سوریادا و لەکێشەکانی نیوان هەسەدەو حکومەتی شەرعدا، لەمحوەری تورکیادا جێگای گرتوە، ئەمەش بەوەی ڕۆڵێکی تایبەتی بگێڕێت، بەپیویست پێگەی پارتی لەچاو یەکیەتیدا روی لەهەڵکشانە، ئەمە وێرای ئەو سەرکەوتنەی کە لەهەڵبژاردنی ئەمجارەدا بەدەستی هێناوە.. هەموو ئەمانە وایکردووە کە مامەڵەیەکی تر لەگەڵ یەکیەتیدا بکات. بەدیوێکی تریشدا، پارتی ئەوە دەزانێت کەیەکیەتی لەدرێژەی ستراتیژی ئیران لەعیراقدا جێگای گرتووە وبەدوای ئەو پاشەکشەیەی کەبەسەر ئیران ونفوزی لەناوچەکەدا هاتووە، بەکردەوە دەگات بەوەی کە پیگەی یەکیەتیش لەهاوکێشە سیاسیەکاندا بەرەوخوارەوە بێت. واتە مانای عەمەلی ئەم دۆخە ئەوەیە کە پێگەو ڕۆڵی یەکیەتی لاوازو بچوک بکاتەوە و لەم ڕوانگەیەوەیە کەئیتر دەورانی موجامەلە وسازشکردن بۆ یەکیەتی تەواوبوە وهەوڵدەدات لەکەنارەوە ڕای

بگرێت تا تەسلیم بەسیاسەتەکانی خۆی بکات. پێموایە ئەمە بنەمای ئەو مامەڵەیەیە کەپارتی لەپەیوەند بەکۆربەندی "مێپس" وکردی.

**ئۆکتۆبەر: مەسەلەیەکی دیکە کە دەهێنێ قسەی لەسەر بکەین بانگهێشتکردن و بەشداری بەرپرسانی هەسەدە(مەزلوم عەبدی و ئیلهام ئەحمەد) بوون لە کۆربەندەکەدا. هەر لەویدا ئەحمەد داود ئۆغلۆ سەرۆکی حزبی ئایندەی تورکیاو سەرۆک وەزیرانی پێشووتری حزبی دادو گەشەپێدان( ئاکەپە)ش یەکێک بوو لە بەشداربوان؟ ئێوە چ لێکدانەوەیەکتان هەیە بۆ بەشداربوونی سەرکردەکانی هەسەدە و کەسایەتیەکی وەکو داود ئۆغلۆ؟ ئایا ئەمە ئەو مانایەی لێ ناخوێنرێتەوە کە بەجۆرێک ئەم کۆربەندە دەیەوێ بەرجەستەی رۆلی تورکیا بکات لە عێراق و کوردستان دوای هەڵبژاردنی ١١ی ئەمسال و جۆرێک لاخستنی نەخشی ئێران، بەتایبەتی کە باسی پرسی ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە دەکرێ!؟**

خەسرەو سایە: بەدڵنیایەوە لەم کۆربەندەدا، پارتی هەوڵیداوە رۆڵی تورکیا لەسەرحسابی لاخستنی لایەنگرانی ئێران بەرجەستەبکاتەوە، هەروەک وتم کەپارتی هەوڵ دەدات بەپشتیوانی تورکیاو دەخالەتی سیاسی و سەربازیەکەی لەناوچەکەدا، پێگەی خۆی تا ئاستی خاوەنداریێتی بۆ مەسەلەی کورد لە پارچەکانی تری کوردستاندا نمایش بکات و وا خۆی دەرخات کە رابەری بزوتنەوەی کوردایەتیە و دەبێ هەموان پاشکۆی سیاسەتەکانی بن!. بێگومان ئەمەش لەدۆخێکدایە کە هاوکێشە سیاسیەکان بەزەرەری ئێران ورۆڵی لەسوریاو ناوچەکەدا، تەواوبووە.

تائەو جێگەیەی کە بەبەشداری هەسەدەو مەزلوم عەبدی وئیلهام ئەحمەد وعوسمان بایدەمیر وقسەکانیان دەگەرێتەوە، زیاتر بۆ دڵنەواییکردنی تورکیایە ونیشاندانی لێکنزیکبوونەوەیانە لەگەڵ پارتیدا وەک یەکێک لەدۆستەکانی تورکیا. خودی ئەوەی کە مەزلوم عەبدی کەوتە مەدحو سەنای بنەماڵەی بەرزانی وئەوەشی کە هەم خۆیی وهەم ئیلهام ئەحمەد وەک بەرپرسی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەسەدا تەئکیدیان لێکرد ئەوەبوو کە"هەسەدە هیچ مەترسیەکیان بۆ سەر تورکیا نیە" ودەیانەوێت رێبکەون، بەڵگەی راستی ئەم قسانەیە. تەنانەت ئەوەی کە ناوی یەکیەتی وسەرکردایەتیەکەی بەدەمیاندا نەهات، ئاماژەیەکە بۆئەوەی کەدەیانەوێت فاسیلە لەگەڵ"نەیارانی تورکیا" بگرن وبەمەش دڵنیایی بەتورکیا بدەن.

لەسەرێکی تریشەوە هەسەدەو مەزلوم عەبدی پێویستیان بەپارتی هەیە، چ لە پرۆسەی چەکدامالینی پەکەکا و دەخالەتکردنی لە"پرۆسەی ئاشتی"دا و چ لە نزیککردنەوەی هەسەدەو ئەحمەد شەرعدا بەوجۆرەی کەتورکیا دەخوازێ، جاریکیتر رۆڵی پارتی دێنێتەپێشەوە کەهەسەدە چاوی تێبریوە. تەنانەت وەک هەنگاوێکی دڵنیاکەرەوە بۆ تورکیا، پێدەچێت لەسەر داوای پارتی و بەرزانی بووە، کە لەچەند شوێن هێزەکانی هەسەدە بکشێنەوە. با ئەوەشمان لەبیر نەچێت، کە مەسەلەی ناردنەدەرەوەی نەوتی سوریا لەو ناوچانەدا کەلەژێر دەستی هەسەدەدایە، لەرێگای تورکیاوە بەشێوەیەکی نەهێنی فاکتۆرێکی ترە، کە هەسەدە لەپارتی نزیکتر بێتەوە، تابتوانێت لەرێگای حکومەت و دەسەڵاتی پارتیەوە، دەست بۆ ئەم هەنگاوەبەرێت. ئێمە نازانین کە لەم بارەوە چ رێکەوتنێک لەنیوان هەسەدەو ئەمریکاو کۆمپانیاکان و پارتیدا کراوە، وەیا کەوتوتە بەرنامایەنەوە، بەلام خودی ئەم بابەتە وەک وتم فاکتۆریکە بۆ نزیکبوونەوەی نێوان هەسەدەو پارتی، بەوجۆرەی کەتورکیا و دۆخی هەسەدە لەسوریا و ناوچەکە دەیخوازێت.

**ئۆکتۆبەر: ئامادەبوونی بەرپرسانی عێراقی هەر لە محمد شیاع ئەلسودانی سەرۆک وەزیرانی ئێستا تا خەمیس خەنجەر و عەمار حەکیم و فایەق زیدان، لەم کۆربەندەدا چۆن لێک دەدەیتەوە؟**

خەسرەو سایە: ئەوەی گرنگە بەشداری سودانیە لە کۆربەندەکەدا، کەدیارە بۆ ئاشتکردنەوەی پارتی و گفتوگۆکردن بووە لەسەر رازیکردنی پارتی کەپشتیوانی بکات بۆ خۆ دوبارە کاندیدکردنەوەی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران، بەتایبەتی کە لەرابردوودا سودانی بەهۆی وابەستەبوونی بە"چوارچیوەی هەماهەنگی" شیعەکانەوە، نەیتوانیبوو وەلامدەرەوەی داواکانی پارتی بێت و لەسەر موچەو شایستە داراییەکانی هەرێمیش، گیروگرفتی زۆری پێکهێنا بۆ پارتی و حکومەتەکەی. بەکورتی سەردانی سودانی و ئەوانی تر زیاتر بۆ خوێندنەوەی دەمی پارتی بووە لەسەر ئەوەی کە رایان چیە لەسەر دوبارە خۆکاندیدکردنەوەی سودانی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران..

★

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی
عوسمانی حاجی مارف
00964(0)7701570050
Osman_maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی
خەسرەو سایە
00964(0)7701511043
saya.xasraw@yahoo.co.uk
بەرپرسی رێکخراوی دەرەوە
دەشتی جەمال
0044(0)7856032991
dashtyjamal@gmail.com
بەرپرسی پەیوەندیەکان
فواد سادق
00964(0)7732499966
foadsadq@yahoo.com

# عێراق لەبەردەم ئایندەی حکومەتێکی ئیفلیجدا!

## عوسمانی حاجی مارف

١١ی ئەم مانگە ماراسۆنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەڕێکرا، ئەمەش لەکاتێکدایە کە دووبەرەکی قوڵ هەیە لەنێوان کوتلە سیاسیە شیعەکاندا کە هاوپەیمانی "چوارچێوەی هەماهەنگی" پێکدەهێنن. ململانێی دەسەڵات لەنێوان هەردوو کاندیدی شیعە بۆ سەرۆک وەزیران، سودانی و مالیکی چڕتر بۆتەوە. بەدوای ئەم هەڵبژاردنەدا لە ئێستاوە کاردانەوەکانی زیاتر دەبینین، بەتایبەتی کە هیچ لایەنێکیان نەیانتوانی دەنگی یەکلاییکەرەوە بۆ پێکهاتنی حکومەت بەدەست بهێنێت، جگە لەوەش وەک کوتلەیەکیش لەنێو چوارچێوەی هەماهەنگیدا ناتوانن پێکهێنەری حکومەت بن، ئەمە قوڵبونەوەی ئەو قەیرانەیە کە پێشبینی دەکرا.

لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی مانگی کانونی دووەمی ساڵی٢٠٢٣دا، سودانی بەنیاز بوو بە لیستی جیاواز خۆی کاندید بکات، بەڵام لەژێر فشاری لایەنە شیعەکان و لە هەوڵێک بۆ پاراستنی حکومەتەکەی، بەشدارینەکردنی هەڵبژارد. بەڵام لە ڕێڕەوی ئەم هەڵبژاردنەدا بە لیستی تایبەتی خۆی بەناوی هاوپەیمانی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان بۆ ڕکابەریکردن لەگەڵ چوارچێوەی هەماهەنگی بەشداریکردو زۆرترین دەنگی هێنا. لە مانگی ئایاری ٢٠٢٥دا ئەم هاوپەیمانیەی دامەزراند کە لە حەوت بلۆکی سەرەکی پێکهاتووە و سەرکردەی سەربازی و خێڵەکی و سیاسی لەخۆدەگرێت، ئەم هەنگاوە بووە هۆی دابەشبونی بەرچاو لەناو پارتە شیعەکاندا، کە بڕیاریاندا بە زیاتر لە دە لیستی جیاواز لە هەڵبژاردنەکان بەشداری بکەن.

عێراق دەچێتە قۆناغێکی هەستیاری دانوستانەکانی نێوان لایەنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت، قۆناغێک کە زیاتر شاهیدی پەرەسەندنی گرژیە سیاسیەکانە و مامەڵە و ئاڵوگۆڕی تۆمەت لەنێوان بلۆکەکاندا دەردەخات، ئەگەر ئەم قەیرانە بەردەوام بێت، ئەوا دەتوانێت کاریگەری نەرێنی لەسەر دۆخی ژیانی خەڵک زیاترکات، بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئاستی بێزاری و نارەزایەتی بەرز دەکاتەوە، بەتایبەتی بەڵێنەکانی هەڵبژاردن بە خێرایی کاڵ دەبنەوە.

ئێستا پێکهێنانی هاوپەیمانی لەنێوان لایەنە جیاوازەکاندا بووەتە پێویستیەکی سیاسی، ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە پەرتی و پەرشوبڵاوی هەمەلایەنەی نیشانداوە، ئەمەش بازاڕی دانوستانی کردۆتە ناچاریەک، لیستە کێبڕکێکارەکان نوێنەرایەتی کۆمەڵێک پەیوەندی تائیفی و نەتەوەیی جۆراوجۆر دەکەن، لەوانە شیعە، سوننە، کورد و چەند کەمایەتیەک، بەگوێرەی ڕێکەوتنی ئەم پێکهاتانە لە دامەزراوەی سیاسەتی عێراقدا لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، ئەوەی بەرچاوە بەزۆری بلۆکی شیعە حکومەت پێکدەهێنێت.

ئەوەی پێویستە لەم دۆخەدا سەرنجی بدەین، ئەستەمە بلۆکە سیاسیەکانی بەشدار لە دانوستانەکانی پێکهێنانی حکومەتدا دەورو هەڵوێستی ئەمریکا پشتگوێ بخەن، واشنتۆن بەردەوام داوای داماڵینی چەک لە لایەنەکانی سەر بە ئێران دەکات، بەڵام هیچکام لەو داواکاریانە جێبەجێ نەکراون. هەڵبەتە دۆخەکە ئاڵۆزترە، بەتایبەتی کە ئەم گروپە چەکدارانە پەیوەستن بە زۆرێک لە پارتە شیعەکانەوە کە دەستکەوتی بەرچاویان لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستهێناوە، ئەمەش مانای دەوری سەرکەوتوی دەخالەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانە لەم هەڵبژاردنەدا. لەهەمانکاتدا ئەو بلۆکە میلشیاییانەی سەر بەئێرانن، کورسی زۆرتریان بەدەستهێناوە لەچاو هەڵبژاردنەکانی پێشوودا، بۆیە تاران ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی عێراق بە فاکتەرێکی یەکلایکەرەوە بۆ ڕاگرتنی پڕۆژەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە مامەڵە دەکات و لەهەوڵی دەخالەتی زیاتری خۆیدایە، هەروەها ئێران هۆشداریداوە لەوە کە عێراق جارێکی دیکە ببێتە گۆڕەپانی شەڕ، ئەگەر بلۆکە سیاسیەکان ئەم قۆناغە بە باشی بەڕێوەنەبەن، هەر بۆیە بلۆکە شیعەکانی نزیک بە تاران لەنێو گێژاوی ئەوەدان کە دەبێت کاندیدێکان بۆسەرۆک وەزیران هەبێت کە واشنتۆن قەبوڵی بکات.

دیارترین تەوەر کە ئێستا زاڵ بووە بەسەر دۆخەکەدا ئەو ئاڵۆزیەیە کە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن داویەتی بەدەستەوە، وە ئەو پرسیارە دەخاتە بەردەم هەر عێراقیەک؛ ئەم گێژاوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، چۆن حکومەتی لێ پێکدێت؟

ئەوەی ئێستا شاهیدی دەبین، ململانێیەکی بێدەنگ و سەختە لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە، هێزە کاریگەرەکان تواناکانیان لە پشتی پەردەوە خەرجدەکەن بۆ گەیشتن بە ڕێگە چارەیەک، لە پاراستنی هێزەکانیان و پێگەیان لەدەسەڵاتدا، چونکە درک بەوە دەکەن کە دابڕینی ڕاستەوخۆ دوای پرۆسەی هەڵبژاردن، دەتوانێت پێگەو دەستکەوتەکانیان بخاتە مەترسیەوە، بۆیە ئەوان تاکتیکی خۆڕاگری سیاسیان پێباشترە، لەوەی دەستبەجێ حکومەت پێکبهێنن، ئەمەش ئاراستەیەکی ساختەی ئارامی بە دیمەنەکە دەبەخشێت، چونکە دۆخێکی ئاڵۆزو پێچیدە نیشان ئەدات.

بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە دوای ئەم هێمنیە هێزە میلیشیاکان کۆببنەوە

⟸

وەک ئامادەکاریەک بۆ خولێکی دیکەی شەڕی ناوخۆ و شکست، ئەوا بە ناچاری دیمەنەکە دەگەڕێتەوە بۆ ململانێیەکی توند، بەڵام ئەمجارە ڕەنگە چڕتربێت و لێکەوتەی قووڵتری هەبێت بۆ داهاتووی پێکهاتەی دەوڵەتی عێراق و یەکگرتوییەکەی، گومانی تیانیە کاتژمێر و ڕۆژانی داهاتوو وەڵامەکەیمان ئەداتەوە.

ئێستا لەڕووی ژمارەییەوە وەها دەردەکەوێت کە سودانی بگەڕێتەوە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق، لەکاتێکدا ڕاستە کە لیستەکەی زۆرترین کورسی بەدەستهێناوە و ٤٦ کورسی لە کۆی ٣٢٩ کورسی مسۆگەر کردووە، بەڵام بەهەمانشێوە ئەوەش ڕۆشنە کە سودانی بەشێوەیەکی کاریگەر ٣٨ پەرلەمانتاری سەر بە بلۆکەکەی بۆ کۆنترۆڵ ناکرێت. ئەم ٣٨ پەرلەمانتارە لەنێوان فالح ئەلفەیاز سەرۆکی هێزەکانی حەشدی شەعبی و ئەحمەد ئەسەدی سەرۆکی بلۆکی جوند ئەلئیمام و شێخ حەیدەر غەریفی نوێنەری فراکسیۆنی عوفیە دابەشکراون. ئەمەش بەو مانایەیە کە سودانی بلۆکێکی یەکدەستی نییە و نەیتوانی لەڕێگەی ئەو هەڵبژاردنانەی کە ئەو سەرۆکایەتی و سەرپەرشتی دەکرد، خواستەکانی خۆی بەدیبهێنێت.

پێشبینی دەکرێت لە ماوەیەکی درێژخایەندا بەر لە پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، ئەم قۆناغە ئاڵۆزەی عێراق پیاتێپەر دەبێت، ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی بلۆکەکەی سودانی بەدور نازانرێت، کە بە "لیستی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان" ناسراوە، بەتایبەتی گەر لەدەرەوەی چوارچێوە هەماهەنگی، هاوپەیمانی تر پێک بهێنێت.

بەگشتی دەتوانین بڵێین نوێنەرایەتی پەرلەمان فاکتەری یەکلاکەرەوە نیە و نابێت بۆ پێکهێنانی حکومەت و داڕشتنی قۆناغی داهاتوو، بەڵکو دانوستان و ڕێکەوتنی زۆرینەی کوتلەکانە، هاوکاتی خۆگونجاندنیان لەبەرامبەر ململانێی ئەمریکاو ئێراندا، ئەمە تەواو سروشتی واقیعی سیاسی عێراق و پێداویستیەکانی سیستەمی پەرلەمانی وڵاتێکە کە بە باڵادەستی هێزی میلیشیای تائفی و نەتەوەیی دەناسرێتەوە.

سەرەڕای ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، سودانی هێشتا ناچارە مامەڵەی پاراستنی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکات، هەرچەندە ئەم بابەتە لە دەستی دەنگدەراندا نەماوە، بەڵکو ئێستا لای هێزە سیاسیەکانە، بەڵام بەهۆی کێشەکانی ئێستای سودانی لەنێوان چوارچێوەی هەماهەنگیدا، پەلدەهاوێت بە هەمو لایەکدا تا هاوپەیمانیەکی تر بۆ پێکهێنانی حکومەت دامەزرێنێت، ئەمەش لەدەرەوەی شیعەکان و چوارچێوەی هەماهەنگی مامەڵەیەکی سەختە.

هەرچەندە سودانی لەماوەی سەرۆکایەتیەکەی سەرکەوتوو بوو لە بەهێزکردنی پێگەی خۆی، لەلایەک بە گواستنەوەی هاوسەنگی هێز لەناو چوارچێوەی هەماهەنگیدا لە بەرژەوەندی خۆی، لەلایەکی ترەوە ڕاگرتنی هاوسەنکی لە نێوان ئێران و ئەمریکادا، بۆیە توانی هاوپەیمانیەکی نوێی بەهێز پێکبهێنێت بۆ بەشداریکردن لەم هەڵبژاردنەدا.

دەستپێکردنی دانوستانەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق، ئاشکرایە کە سەخت و ئاڵۆز دەبێت، بە لەبەرچاوگرتنی کێبڕکێی نێوان خودی هێزە شیعەکان لەلایەک و لەنێوان چوارچێوەی هەماهەنگی و هێزە سوننە و کوردیەکان لەلایەکی دیکەوە.

بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندیەکانی حکومەتی عێراق لەگەڵ ئەمەریکا و ئێران، هەرلایەنێک بەجۆرێک وێنای بەرژەوەندیەکانی دەکات و مامەڵەی دەکات، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی فشارەکانی واشنتۆن بۆ سەر بەغدا بۆ سنووردارکردنی کاریگەری هێزە میلیشیاکانی پەیوەست بە تاران، کە ڕۆڵێکی کاریگەریان لەسەر شانۆی سیاسی عێراق هەیە، هەندێکجاریش دەسەڵاتی دەوڵەتی فەرمی تێدەپەڕێنن. پێشبینی دەکرێت چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پرسانە بەشێکی سەرەکی بێت لە دانوستانەکانی هەڵبژاردنی سەرۆک وەزیران.

لەنێوان ڕەچاوکردنی دۆخی ناوخۆیی و کاریگەری دەرەکی و تەحەددیاتی ئاسایش و ئابووری و بنیاتنانی پەیوەندی لەنێوان حکومەت و هاووڵاتیانیدا، ڕێگای پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو ڕۆشنە کە درێژ دەردەکەوێت. هاوکات، ڕاگەیاندنی هەمان چوارچێوەی هەماهەنگی وەک گەورەترین بلۆکە بۆ جارێکی تری زاڵبوونی بەسەر دیمەنی سیاسیدا، ئەمەش لە ئەگەری پێکهێنانی حکومەتدا گرفتی گەورە دەخاتە سەر ئایندەی بەڕێوەبردنی حکومەت لە عێراقدا، گەر حکومەتیش پێکبهێنن، نەک ناتوانن ئارامی و سەقامگیری بەرجەستەکەنەوە، بەڵکو باگرژی زیاتر دەخەنە بەردەم ئایندەی عێراق و کوردستان.

☆

**دۆخی سیاسی عێراق دوای هەڵبژاردن بەناو تونێلێکی سیاسی تاریکدا دەچێتەپێشەوە کە کۆمەڵێک ئەحزابی سیاسی میلیشیایی، دابەشبوو بەسەر دەوڵەتانی ناوچەکە و ئەمریکادا، یارزانە سەرەکیەکانین و بەرژەوەندی جیاواز و بگرە ناکۆک و دژ بەیەکی ئەو دەوڵەتانە ئاراستەی هەڵویست و هەنگاوە سیاسی و عەمەلیەکانیان دەستنیشان دەکات.**

**ئەمەش سەرەنجام دۆخیکی نەخوازراوتر و مەینەتەبارتر بۆ ژیان و گوزەرانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش دەخوڵقێنێت و دەرگا بەڕووی نائارامی و ناسەقامگیری و پشێویدا دەکاتەوە کە هەر ئەو خەڵکە باجەکەی دەدات!**

# هەڵبژاردن تەواو، خواستەکانی کرێکاران وخەڵکی ناڕازی لەشوێنی خۆیەتی!

سەرئەنجام دوای ماوەیەک لەبانگەشە وبەخشینەوەیبەڵێنی فریوکارانە و پروپاگەندی قەومی ودینی وئاوڕژاندنە ژێرپێی کۆنەپەرستی و نەتەوەچێتیەوە، پاش هەڕەشەی نان برین و گەرمکردنی بازاڕی کڕین وفرۆشتنی دەنگ و دەستبردن بۆ ساختەکاری وچەندین دیاردەی دزێوتر، هەڵبژاردن تەواو بوو. بەلام ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە دەریخست کە ئەو یاساو سیستەمەی پەیرەوی لێکرا، لەبەرژەوەندی حزبە سەرەکیەکانی دەسەڵاتەو ئەوانیشبەپشت بەستنیان بە هێزی چەکدار وبەتاڵانبردنی داهات و سامانی کۆمەڵگە و بەکۆکردنەوەی ئیمکاناتی دەوڵەت لەدەستی خۆیاندا و بەدەزگای زەبەلاحی میدیایی وبە پشتیوانی نەتەوەیەکگرتوەکان و ئەمریکا و ولاتانی ناوچەکە، سەرباری هەر ئالوگۆڕێک لە ژمارەی کورسیەکانیاندا، توانییان وەکو هێزی براوە ئەم هەڵبژاردنە تێپەڕێنن.

لەعێراقدالایەنە قەومیە عەرەبی و ئیسلامی ومیلیشیاکانیان، لەبانگەشەی هەڵبژاردندا، جاریکیتر بەبەرگی تائیفەگەریەوە خۆیان دەرخستەوە، تا ژەهر و چڵکی تائیفی بڕژێننەوە ناو کۆمەڵگاو لەمڕێگایەوە پێگەی خۆیان لەپەرلەماندا بەدەستبهێننەوە. بەبێ ئەوەی هیچ کام لەم لایەنانە هیچ بەرنامەیەکی هەڵبژاردنیاناراگەیاندبێت کەخەڵکی عێراق لە هەژاری و بێدەسەلاتی و سەرکوتکردنی ئازادیە سیاسییەکان دەربهێنێت و کار بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی هاوولاتیبوون بکات.

لەکوردستاندا، ئەحزابی ناسیونالیستی کورد، لەپێشیانەوە پارتیو یەکیەتی، بەمەبەستی درێژەدان بە بەشدارییان لە دەسەلاتی ناوەندی و بۆ سەپاندنی دەسەلاتیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا، بە دروشمی "دەنگی کورد لە بەغدا بەهێز دەکەین" "هیزی تۆین لە بەغدا" هەڵمەتێکی فریوکارانەیان بەرێخست تا بەرژەوەندیەکانی چینی بۆرژوای کورد، لە حکومەتی تایفی و قەومی و ئیسلامی عێراقدا، بپارێزن. ئەم حیزبانە، کەهەریەکەیان لە هەولی ئەوەدا بوون خەڵکی کەرکوک و ناوچە کێشەلەسەرەکان، سەرگەرم و خۆشباوەڕبکەن بەوەی نوێنەری مافە دەستوری و یاسایەکانیان دەبن لە بەغدا و لە ئاستی ناوخۆی کوردستانیشدا دەیان بەلێنی سواویان دوبارە کردەوە و وتیان خزمەتگوزاریو ژیانی خەڵک باشتردەکەین، بەلام کەوتنە بەرامبەر بەیەکەوە ویەکتریان بە دز و تالانچی تۆمەتبار کرد، کەچی ئێستا خەریکن بەکەڵک وەرگرتن لەپەنجە مۆری هاولاتیان لەسەر مێزی دانوستاندن، کێکی شیرینی دەسەلات وداهات و پۆستەکان لەلایەکەوە لەگەڵ بەغدا و لەلایەکی تریش لەناوخۆی کوردستاندا دابەش دەکەن.

هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازیش بە بانگەشە کردن بۆ ئەوەی کە"بەرگری لە مافە دەستوری و یاساییەکان و لە خواستەکانی جەماوەر" دەکەن بەکەڵک وەرگرتن لە ناڕەزایەتی و نەفرەتی خەڵکی ناڕازی لەهەردوو دەسەلاتی هەرێم و بەغدا، هەموو هەوڵێکیاندا خەڵکی کرێکار وزەحمەتکێش، خۆشباوەڕ بەدەسەلاتی هێزە قەومی و مەزهەبیەکانی عێراق بکەن و لەو نێوەدا جەژنی بەدەستهێنانی کورسی زۆر و بەشداری لە دەسەلاتی ناوەندیدا بگێڕن. بەلام ئاکامی هەڵبژاردنەکان خۆشباوەڕی بەهەموو ئەم لایەنانەی سەبارەت بە ئالوگۆڕ و دەستاودەستکردنی دەسەلات لە ڕێگای هەڵبژاردنەکانەوە پوچەڵ کردەوە و ماهیەتی فریوکارانەی ئەوانی خستە ڕوو.

لەکەنار هەموو ئەو ڕاستیانەی سەرەوە، خەڵکی ناڕازی چ لەعێراق و چ لەکوردستان، بەپوچەڵکردنەوەی دەنگەکانیان وبەبەشداری نەکردنی نزیکەی نیوەی دەنگدەران، لەم هەڵبژاردنەدا هەڵویستیان گرتو بانگەشەکەیان تێپەڕاند. ئەم هەڵویستەش ئەگەرچی ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ تورەیی وبێزاری خەڵک لەو سیستەمو دەسەلاتەی سالانیکە ژیانی ئەوانی بەم ڕۆژەگەیاندووە، بەلام ئەم تورەیی و بێزاریە بەرئەنجامی نائومێدی خەڵکێکە لەدۆخیک کەهێشتا ڕێگای خەباتێکی شۆرشگێڕانەی نەدۆزیوەتەوە وهێشتا بەدیل وحیزبێکی پێشڕەو وکۆمۆنیستی هەڵنەبژاردووەو لەدەوری سیاسەتەکانی، ڕیزەکانی خۆیان یەکگرتوو و ڕیکخراو نەکردووە. ئەمەش لەکاتێکدایە کەئەزمونی ناڕەزایەتیەکان ئەوەیان سەلماندووە کە بەبێ بەدەستەوە گرتنی ئاسۆیەکی سیاسی چینایەتی و بەبێ کۆبوونەوەی بەشەکانی جەماوەری ناڕازی و بەشمەینەت، لەدەوری حیزبێکی شۆرشگێری کۆمۆنیستی و بەدەستەوەگرتنی لەخەباتی ڕۆژانەو بەردەوامی خۆیاندا، ئەنجامێکی دڵخوازی نابێت.

کرێکاران زەحمەتکێشان و جەماوەری ئازادیخواز!

ئێمە هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان، لەگەڵ پەی بردنی تەواومان بە ماهیەتی چینایەتی پەرلەمانتایزم و هەڵبژاردنی پەرلەمانی، بەشداری پرۆسەکەمان کرد، ئامانجی ئێمە لەو تاکتیکە بۆ بەشداری بۆ ئەوە بوو، کەلەلایەکەوە بڕیارە و سیاسەت و ڕێگاچارەی خۆمان لە دڵی قوتبی بوونەوەی کێبەرکێی سیاسی لە هەڵبژاردنەکاندا، نیشان بدەین و لەلایەکی تریشەوە ناوەرۆکی دیموکراسی بۆرژوازی، ماهیەتی پوچی پەرلەمان و پەرلەمانتازیزم لەناو جەرگەی پرۆسەکەدا بە ئێوە نیشان بدەینەوە، لە

⇦

⇨ گۆڕەپان و سەکۆی بۆرژوازیدا، تەپڵی ڕیسوایی پەرلەمانتاریزم بکوتین و دژایەتیەکەی لەگەڵ خواستی چینی کریکار و خەڵکی بەشمەینەت بۆ ئاڵوگۆڕ، بخەینەوەڕوو، وە هێندەی تر ڕیسوای بکەین.

ئێستا ئەگەر بۆ چینی بۆرژوازی وڕەوتە ڕەنگاوڕەنگەکانی لە عێراق و بۆ حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە، هەڵبژاردن تەواو بووە، ئەوا بۆ ئێمە و چینی کرێکار وجەماوەری بەشمەینەت وخەڵکی ناڕازی، هێشتا کێشمەکێشە چینایەتیەکانمان، لەسەر ئازادی وباشبژێوی، خزمەتگوزاری و هەلی کار، لەسەر مەدەنیەت و کۆتایی هێنان بەستەم وجیاکاری لەدژی ژنان وبەدەستهێنانی یەکسانی وهەموو ئەوخواستانەی کە سالانێکە جەماوەر ناڕەزایەتییان بۆ دەربڕیوە، لەشوێنی خۆیدا باقیەو درێژەی هەیە. کەوایە ئیتر کاتی ئەوەیە کەخەڵکی ناڕازی کوردستانو عێراق، بەخواستەکانی خۆیانەوە پێبنێنە مەیدان و یەخەی حیزبەکانی دەسەڵات وهەموو ئەو لایەنانە بگرن کەبەڵێنیاندا وناچاریان بکەن مل بەجێبەجێکردنیان بدەن. بەدڵنیایەوە ئەم هەڵبژاردنە ناتوانێ چینی بۆرژوازی ودەسەلاتەکانی چ لەعێراق چ لەکوردستان، لەو تەنگانەیەو لەو گێژاوە دەرکێشێ کەسالانێکە دەرگیرین، تەنانەت ناتوانێ لەکاریگەری گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە ودەخاڵەتی دەولەتان دەرچێت. ئەمەش بەپێویست دەرفەتێک بۆ چینی کرێکارو بزوتنەوەی جەماوەری و خەباتەکەیان دەکاتەوە، تا بەهێزێکی گەورەوە لەدەوری خواستەکانیان پێبنێنە مەیدانەوە و بۆ بەدیهیانیان یەکگرتوانە تێبکۆشن. هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی جارێکیتر تەئکید دەکەینەوە، کەلەڕیزی پێشەوەی ئەم خەباتەدا ڕادوەستین وبۆ سەرکەوتنی بەتەواوی توانامانەوە تێدەکۆشین.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
٢٠/ نۆڤێمبەری ٢٠٢٥

# پێویستی هاودەنگی نیونەتەوەیی لەگەڵ کریکارانی ئیران

## "ڕاپۆرتێک لەسەر دووچالاکی کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ جولانەوەی کریکاریی ئێران"

ڕۆژی چوارشەممە ١٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥ کۆمیتەی هاوپشی لەگەل جولانەوەی کریکاریی ئیران/ لە بەریتانیا، بەمەبەستی دەربرینی نارەزایەتی دژی لەسیدارەدان و ئەشکەنجە و سەرکوت و گرتنی بەکۆمەڵی هەلسوراوانی سیاسی ودیپۆرتی زۆرەملی کارگەرانی ئەفغانی لەدوای جەنگی ١٢ رۆژەی ئیران-ئیسرائیل، کۆماری ئیسلامی لە ژێر پەردەی "ئاسایشی نەتەوەیی" و "سیخوڕی"، دەستیپێکردوە، لەکاتژمیر ٤بۆ ٥ ئیوارە لەکەشوهەوایەکی ساردا، خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی لەبەردەم پەرلەمانی بەریتانیادا، دەستی پێکرد.

سەرەتای نارەزایەتیەکە بە پێشکەشکردنی وتار دەستیپکرد سەبارەت بە ئامانجەکانی ئەم خۆپیشاندانە نارەزایەتیە قسەوباسکرا و چەندین پلاکارد، لەوانە: ئیعدامەکان لە ئێران ئێستا ڕابگرن، هەموو کرێکارانی زیندانیکراو لە ئێران ئازاد بکەن، هەموو زیندانیانی سیاسی لە ئێران ئازاد بکەن، هاوپشتی لەگەڵ کرێکاران لە ئێران، نا بۆ دیپۆرتی پەنابەرانی ئەفغانی ،دژ بەسیاسەتی ئەپارتایدو جیاکاری ژنان لە ئێران ، ....دەنگی نارەزایەتی خۆپیشاندەران سەرنجی ڕێبواران و کەسانێک کە بەبەردەم پەرلەماندا هاتووچویان دەکرد ،راکیشا. جۆن سپێلار پەرلەمانتار و ئەندامی ئەنجوومەنی لۆردەکانی بەریتانیا بەشداریکردو پشتیوانی خۆی بۆ داواکاریەکانی خۆپیشاندەران ڕاگەیاند. پاشان خۆپیشاندەران روویانکردە نیو پەرلەمان بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی پەرلەمان کە لەلایەن جۆن مکدونێڵ، ئەندام پەرلەمانی بەریتانیا و بەرپرسی کۆمیتەی هاوپشتی لەگەل جولانەوەی کرێکاریی ئیران، ڕێکخرابوو.

کۆبوونەوەکە لەکاتژمیر ٦ی ئیوارە لەنیو یەکێک لەلەهۆلەکانی پەرلەمانی بەریتانیا ،دەستیپیکرد. بەشداربوانی پانێڵەکە بریتی بوون لە جۆن ماکدۆنێل پەرلەمانتاری پارتی کرێکاران و بەرپرسی کۆمیتەی هاوپشتی لەگەل جولانەوەی کرێکاریی ئیران ،جۆن مۆلۆنی، یاریدەدەری سکرتێری گشتی(یەکێتی خزمەتگوزارییە گشتی و بازرگانییەکان) و ئەندامی کۆمیتەی هاوپشتی لەگەل جولانەوەی کرێکاریی ئیران، سەتار ڕەحمانی، کرێکار و هەلسوراوی پیشوی مامۆستایان لە ئێرانەوە و ئەندامی کۆمیتەکە، نەسرین پەرواز، هەلسوراوی مافی مرۆڤ و زیندانی سیاسی پیشوو دوای شۆڕشی ١٩٧٩ و ئەندامی کۆمیتەکە،چاتورا گوناتیلاکا، هەلسوراوی پەیوەندیدار بە ناوەندی خەباتی کرێکاران (WSC)لە سریلانکا ،جۆن سپێلار پەرلەمانتار و ئەندامی ئەنجومەنی لۆردەکان و دەشتی جەمال ئەندامی کۆمیتەی هاوپشتی لەگەل جولانەوەی کرێکاریی ئیران.ئەم کۆبوونەوەیە لەلایەن هەلالە تاهیری ئەندامی کۆمیتەی هاوپشتی لەگەل جولانەوەی کریکاریی ئیران بەریوەبرا.

جۆن سپێلار ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیاو ئەندام لە ئەنجومەنی لۆردەکان لە ووتەیەکدا هاوپشتی خۆی بۆنارەزایەتیەکانی کریکاران و ژنان و خەڵکی ئازادیخوازی ئیران دەربڕی لە خەباتیان دژی کۆماری ئیسلامی ئیران وپشتیوانی خۆی بۆکارەکانی کۆمیتەی هاوپشتی لەگەل کرێکارانی ئیران تاکیدکرد.

پاشان نەسرین پەرواز لە ووتارەکەیدا باسی لە شەڕی نێوان ئیسرائیل ⇦

و ئێران کرد و بەراوردی کرد بەشێوازی کوشتنی فەلەستینیەکانی لەلایەن ئیسرائیلەوە. ئەو پرسیاری کرد، ئیسرائیل چۆن پێش کوشتنیان شوێنی بەرپرسانی ئێرانی زانیوە، بەڵام لە فەلەستین ناچاربوون تەواوی نەتەوەیەک بکەنە ئامانج بۆ ئەوەی ئەندامانی حەماس بکوژن؟ کەڵک وەرگرتن لە دوو شێوازی جیاوازی کوشتن لە ئێران و فەلەستین ئەوە دەردەخات کە لە غەززە ئامانجیان پاکتاوکردنی خەڵکی فەلەستین بووە ...

بەدوای ئەودا سەتار رەحمانی قسەکانی دەستپێکردو روونیکردەوە کە بزووتنەوەکانی کرێکاری و مامۆستایان لە ئێران رووبەرووی سەرکوتی سیستماتیکی دەوڵەت دەبنەوە، لەوانە دەستبەسەرکردن، تۆمەتی تاوانکاری و دروستکردنی سەندیکاکانی سەر بە دەوڵەت. کرێکاران بەهۆی هەڵاوسان و بێمووچەیی و گرێبەستە نائەمنیەکانەوە تووشی گرفتی ئابووری سەخت دەبن و ساڵانە هەزاران نارەزایەتی لێدەکەویتەوە. دەوڵەت وەک گەورەترین خاوەنکار لە ئێراندا یاساکانی کار پێشێل دەکات و هەلسوراوان سەرکوت دەکات. ژنان رووبەرووی جیاکاری دەبنەوە کە بەشداریکردنیان لە هێزی کاردا زۆر نزم دەهێڵێتەوە. سەرەرای سەرکوتکردن، کرێکاران لە رێگەی نارەزایەتی بەربلاو و شەپۆلی مانگرتن بەردەوامن لە رێکخستن و پەرەسەندنی هێز و بەردەوامیی بزووتنەوەی کرێکاری.

پاشان جۆن ماکدۆنێل وەک بەرپرسی کۆمیتەکە باسی لە گرنگی کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ جولانەوەی کرێکاریی ئێران و چالاکییەکانی وەک هاوپەیمانی لەگەڵ خەباتی کرێکاران لە ئێران و بزووتنەوەی ژنان کرد. ناوبراو جەختی لەوە کردەوە کە هاوپشتی نێودەوڵەتی و پشتیوانی سەندیکاکان و رێکخراوە کرێکارییەکان لە سەرانسەری جیهاندا بۆ یارمەتیدانی کرێکارانی ئێران و رابەران بۆ درێژەدان بە خەبات بۆ مافەکانیان زۆر گرنگە.



بەدوا ئەودا دەشتی جەمال ئەندامی کۆمیتەکە بەیاننامەی کۆمیتەکەی سەبارەت بە پەرەسەندنی سەرکوتکردن لە ئێران دوای شەڕی ئێران و ئیسرائیل لەم دواییانەدا پێشکەش کرد و تیشکی خستە سەرشەپۆلێکی گەورەی لەسێدارەدانی بەکۆمەڵ، هێرشکردنە سەر کرێکاران و توندوتیژی دژی پەنابەرانی ئەفغانی... پوختەی قسەکانی دەشتی جەمال بەشێوەی سەربەخۆ بڵاودەکەینەوە.

پاشان جۆن مۆلۆنی قسەوباسەکانی دەستپێکرد و پێداگیرکرد لەسەر پێویستی بەدەستهێنانی پشتیوانی زۆرترین سەندیکای کرێکاری بۆ خەباتی چینی کرێکار لە ئێران. ئاماژەی بەوەشکرد کە پێویستە کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ جولانەوەی کرێکاریی ئێران داوای پشتیوانی لە کۆمیتەکە بخاتەبەردەم کۆنفرانسی سەندیکاکانی کرێکاران لە ساڵی ٢٠٢٦دا و هەوڵ بدەن پەیوەست ببن بە کۆمیتەوە.

دوا وتاردەر، چاتورا گوناتیلاکا لە ناوەندی خەباتی کرێکاران-سریلانکا، جەختی لە گرنگی یەکگرتوویی و هەنگاوی هاوبەش لە نێوان هاوپەیمانەکانمان بۆ زیادکردنی فشار لەسەرکۆماری ئیسلامی ئێران بۆ راگرتنی درندەیی وتوندوتیژی و ناچارکردنی بۆ پەسەندکردنی داواکارییەکانی کرێکاران. ئەو ئەزموونەکانی کۆمەڵگاکەی خۆی باسکرد، روونیکردەوە کە یەکێتی و یەکدەنگی کاتێک گرنگە کە هاوسەنگی هێز لە بەرژەوەندی دوژمن بێت.

بەدوای قسەوباسی پانێلستەکان دەرفەتدرا کرایەوە بۆ بەشداری ئامادەبووان لە گفتوگۆکەدا ،بە پرسیارو موداخەلە لە باسەکانیان دەولەمەندکرد. پاشان جاریکی تر دەرفەتکرایەوە بۆ وەلامدانەوەی پرسیارەکان لەلایەن پانیلیستەکانەوە وجۆن مکدونیل ئەم پێشنیارانەی لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا خستە روو وەک خاڵی کرداری بۆ ئایندەیەکی نزیک:

- بریارنامەی کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ جولانەوەی کرێکاریی سەبارەت بەدۆخی ئیران بۆ لقەکانی یەکیتی کریکاریەکانی لەسەراسەری بەریتانیا بنێردرێت
- رێکخستنی کۆبوونەوەی پەراوێز لە کۆنفرانسەکانی یەکیتی کریکاریەکانی بەریتانیا وپیشنیار بخریتە بەردەم کۆنفرانسی یەکیتی کرێکاریەکان بۆ پشتیوانی لەجولانەوەی کرێکاریی لە ئیران ودژ بەئیعدام
- رێکخستنی کۆبوونەوەیەکی دیکە لە پەرلەمان لە مانگی حوزەیران بە بەشداری نوێنەرانی زیاتری یەکیتی کریکاریەکان
- رەشنووسی EDM لەسەر بنەمای بەیاننامە – نوسراو بۆ سکرتێری گشتی سەندیکاکان بنێرێت – داوا لە TUCG بکەین نامە بنێرێت بۆ ئەوەی داوا لە سەندیکاکان بکات ناوی خۆیان تۆمار بکەن،
- سازدانی کۆنفرانسیکی بە بەشداری زۆرترین یەکیتی کریکاریەکان بۆ پشتیوانی لەوداواکاریانەی لە کۆبوونەوەکەدا خرایە روو.هاوکات تاکید لەسەر بەردەوامی پەیوەندی و راکیشانی پشتیوانی یەکیتی کریکاریەکان لە ئاستی ئەوروپادا کرا.

# ناساندنی کورتی بەیانی کۆمیتەی هاوپشتی لەگەل جولانەوەی کرێکاری ئیران لەلایەن دەشتی جەمال لە پەرلەمانی بەریتانیا

سوپاس بۆ سەرپەرشتیار، سوپاس بۆ هەموو ئامادەبووان کە کاتیان بۆ ئەم بابەتە گرنگە بەخشی .ئەمڕۆ بەیاننامەی کۆمیتەی هاوپشتی لەگەل جولانەوەی کرێکاریی ئیران -SWIW دەناسێنم.

بەیانەکە راستیە تاڵەکانی پەرەسەندنی شەپۆلێکی نوێی دڕندانەی سەرکوت لە ئێران دوای شەڕی ئەم دواییەی ئێران – ئیسرائیل دەخاتەڕوو. لەدوای ئەو ململانێ دوانزە ڕۆژەوە، کۆماری ئیسلامی ئێران تورەیی خۆی بەرەو ناوخۆ گۆڕیوە . بەبیانووی ”ئاسایشی نەتەوەیی“ و "سیخوڕی"ەوە، هەڵمەتێکی دڕندانەی دەستگیرکردن و لەسێدارەدان و ترساندنی دەستپێکردوە، ژیانی گشتی میلیتاریزکردوە، ئەوانەی نارەزایەتی دەردەبرن و داوای مافو دادپەروەری بۆ کرێکاران و ژنان و کەمینەکان دەکەن، بە هێزێکی ترسناک بێدەنگدەکرێن .لە بەیاننامەکەدا تیشک خراوەتە سەر چەند پێشهاتێکی سەرەکی:

یەکەم: پەرەسەندی سزای لە سێدارەدان: سزای لەسێدارەدان لە ئێراندا بەشێوەیەکی بەرفراوان وەک ئامرازێکی توندوتیژیی دەوڵەت بەکاردەهێنرێت، لە چەند مانگی دوای شەڕەکەدا، هەڵکشانی ترسناکی بەخۆیەوە بینیوە .تەنها لەم ساڵدا زیاتر لە هەزار کەس لەسێدارە دراون کە بەرزترین ئامارە لە ماوەی دەیان ساڵدا .لە مانگی تشرینی یەکەمدا لانیکەم ٢٤١ لەسێدارەدان ڕوویداوە، کە زۆربەیان زیندانیانی سیاسی و کەمینە نەتەوەییەکانی کردۆتە ئامانج دوای دادگاییکردنی نادادپەروەرانە یان نهێنی.

دووەم: سەرەڕای داسەپاندنی کەشوهەوای ترس، کرێکاران بەردەوامن لەدەربڕینی نارەزایەتی و خۆڕاگری . مانگرتن و نارەزایی کرێکارانی نەوت وخانەنشینان و مامۆستایان لە سەرانسەری وڵاتدا بڵاوبووەتەوە و داوای حەقدەستی دادپەروەرانە وباشکردنی بارودۆخی کارکردن و سەلامەتی شوێنی کار دەکەن .ئازایەتی ورووبەڕووبونەوەی ئەوان، لەبەرامبەر ئەو جۆرە سەرکوتکردنەدا، پیویستی بە هاوپشتی وهاودەنگی و پشتیوانیە.

سێیەم: توندوتیژیی ڕەگەزپەرستانەی سیستماتێک لەدژی پەنابەران وکارگەرانی ئەفغانی.

دیپۆرتکردنەوەی بەکۆمەڵ و سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە و بە تاوانبار سەیرکردنی کارگەرانی ئەفغانی بەرەو ئاستێکی نوێی دڕندەیی پەرەی سەندووە .تا ٦ی جولای٢٠٢٥، حکومەتی ئێران فەرمانی دیپۆرتکردنەوەی بەکۆمەڵ بۆ هەموو پەنابەرانی ئەفغانی "بێ بەڵگەنامە" دەرکردووە .دیپۆرتکردنەوەی بەکۆمەڵ، لەنێویاندا خێزان و منداڵان ، بە دڕندەییەکی شۆکهێنەر ڕوودەدات .ئەمە سزای بەکۆمەڵە و تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتییە کە دەبێت ئیدانە بکرێت. ئەمە تەنها پەیوەندی بە ئێرانەوە نییە. ئەو سەرکوتکردنەی کە ئێمە شاهیدی دەبین، بەشێکە لە هێرشێکی فراوانتر بۆ سەر ئازادییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە هەموو شوێنێک، هێرشە بۆسەر مافی خۆڕێکخستن، قسەکردن، نارەزایەتی دەربڕین و ژیانی شکۆمەند .

ڕاگەیەندراوەکە بانگەوزادەکات بۆ کۆمەڵێک داوای بەپەلەو دەستبەجێ:

– هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان

–ئازادکردنی بێ قەیدوبەندی سەرجەم زیندانیە سیاسیەکان .

–کۆتاییهێنان بە دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی ئەفغانی .

– کۆتاییهێنان بە پڕوپاگەندەی ڕەگەزپەرستی و میلیتاریستی کە بۆ دابەشکردن و کۆنترۆڵکردنی دانیشتوان بەکاردەهێنرێت.

ئێمە ئەمڕۆ وەک کردەوەیەکی هاوپشتی و بانگەوازێک بۆ بەدەنگەوەهاتن و راکیشانی پشتیوانی ئەم لێدوانە دەهێنینە پەرلەمانی بەریتانیا .خەڵکی ئێران، کرێکاران، ژنان و لاوان وچین و تۆێژەکانی کۆمەڵگە بۆ هەمان ژیان و ئازادی و ئەو بەهایانە تێکۆشان دەکەن کە هەموومان بە پیویستی دەزانین .خەباتی ئەوان خەباتی ئێمەیە .

ئەم بەیاننامەیە لەلایەن جۆن ماکدۆنێل ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا و سەرۆکی بەرپرسی کۆمیتەی SWIW، جۆن مۆلۆنی، یاریدەدەری سکرتێری گشتی یەکیتی کرێکاریی خزمەتگوزاری گشتی و بازرگانی PCS، کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ جولانەوەی کرێکارانی ئێران،، واژووکراوە هەروەها ئاراستەی تەواوی پەرلەمانتارەکانی بەریتانیاو یەکیتی کرێکاریەکانی بەریتانیا کراوە. هاوکات لەرێگەی هاوکارەکانمانەوە بۆ سەندیکاکانی کرێکاران لە فەرەنسا، دانیمارک، سوید، کەنەدا و ئەڵمانیا نێردراوە .

داواکارم ئێوە ئەندام پەرلەمان، نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ وهەڵسوراوی یەکیتی کرێکاریی، ئەم بەیاننامەیە واژۆ بکەن .

ئەوەش بڵیم بۆ ئەم دوو چالاکیەیی ئەمرۆمان چەند پەیامی پشتیوانیمان لە چەند یەکیتی کرێکاریی لە سوید و کۆمیتەی ژن ژیان ئازادی ، ویەکیتی خەباتی کرێکارانی فەلەستین پێگەیشتوە. لە ئاستی ئەوروپاشدا سەندیکای کرێکارانی بیناسازی، زەوی و ژینگە، PROSA، یەکێتی پیشەییەکانی ئایتی، کۆنفیدراسیۆنی سەندیکاکانی سوید، پلاتفۆرمی سەندیکای کرێکارانی سوید – ئێران، سەندیکای کرێکارانی لۆ لە سوید، و یەکیتی خەباتی کرێکارانی فەلەستین لە ڕامەڵڵا...،واژۆیانکردوە.

**سوپاستان دەکەم.**

# دژواری جەنگی زیندوومانەوە تا کەی؟

**بنار مستەفا**



ژیان و گوزەرانی خەڵکی لە کوردستان گەشتۆتە ئاستێکی سامناک و بەردەوامیش دژوارتر دەبێت. هەژاری و نەداری بەشێوەیەک تەنگی بە کۆمەڵگا هەڵچنیوە، کە کەمجار لە مێژووی کۆمەڵگادا دۆخی لەم چەشنە بینراوە.

گرتە ڤیدیۆکان و دیمەنە ناخهەژێنەکان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان تەنیوە، لەوانەی کەسانێکی زەحمەتکێش بۆ پەیداکردنی نانی ڕۆژانە، پەنادەبەنە بەر کار و ڕێگای یەکجار سەخت و ئاڵۆز. بۆ هەندێکیان تەنانەت گەرەنتی پەیداکردنی بچووکترین دەستکەوتی نییە. لە کاری تاقەتپڕوکێنەوە، تا دەستفرۆشی کۆمەڵە کاڵایەکی بچووک، کە ڕەنگە بەهای کۆی سەرجەمیان نەتوانن نانی ڕۆژێک دابین بکات؛ لە کۆکردنەوەی کارتۆن و پاشماوەی تری سەر شەقامەکان، بە ئومێدی هێزی گۆڕینەوەی لەگەڵ بڕە پارەیەکی بچووکدا؛ تا ئەو لەشکرە بێکارەی ئامادەی ئەنجامدانی هەر کارێکن بە کەمترین پارە، بەڵام بە کەمی پێیدەگەن.

هەموو ئەمانەی دەبینرێن لەگەڵ ئەو زۆرینە بێشومارەی نابینرێن، ڕووبەڕوو جەنگێکی سەخت و دژوارن لەگەڵ زیندوومانەوە. نەبوونی داهات و کەڵەکەبووی قەرزی لەبەینەهاتوو؛ دەست نەگەشتن بە سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیان؛ چارەسەرنەکردنی نەخۆشییەکان؛ نەدیتنەوەی ڕێگای پاراستن لە سەرما؛ شەرم لە بەردەم وەڵامنەدانەوە بە خواستی منداڵانیان؛ و لەهەمانکاتدا دیارنەبوونی ئاسۆیەک بۆ دەربازبوون لەم دۆخە...

بێمووچەیی، زیادبوونی هەژاری، گرانی بازاڕ لە لایەک و لە لایەکی تریش بێباکی دەسەڵات و بەردەوامبوونی لە تاڵانبردنی سەروەت و سامانی کۆمەڵگا، هەموو ئەمانە دەست لەناو دەست ژیانێکی بێئەندازە سەختیان بەسەر جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشدا سەپاندووە، کە نەک دوورە لەوەی بتوانن بیر لە خۆشییەکانی ژیان بکەنەوە، بەڵکو تەنها جەنگی پەیداکردنی نانی ڕۆژ بۆتە ئامانجی سەرەتا و کۆتایی. ژیانێک تێیکەوتوون، نەک هیچ کەس خۆزگەی پێناخوازێت، بەڵکو تەنها بیرکردنەوە لێی مرۆڤ تووشی ڕاچڵەکین دەکات.

هەڵبەت هەمووان لە کوردستان برسی و بێکار یان بێمووچە نین. هەر لە شارەکان و کەمێک ئەولای شوێنی ژیانی خەڵکی، جیهانی تایبەتی کەسانی تر هەیە، کە یان بەشێکن لە دەسەڵات و داروودەستەکەی، یان نزیکن لێیان. کۆشک و باڵەخانەی بەرزی ئەمانە، بەردەوام بەرزتر بەرووی ئاسماندا دەچن و ڕێژەیان زیاد دەکات؛ کاروانی ئۆتۆمبێلەکانیان شەقامەکان بەسەر خەڵکیدا دادەخەن؛ کەناڵی نوێی ڕاگەیاندن بە نوێترین و گرانبەهاترین ئامێر و تەکنەلۆجیا و ستافی سەدان کەسی دەچەرخێنن و دەزگای دیکەی نوێ دادەمەزرێنن؛ ملیۆنان دۆلار بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن تەرخاندەکەن، تا بەڵێنەکانیان بە جەماوەری خەڵکی بگات، کە "نوێنەرایەتی بەهێزیان دەکەن"؛ بەردەوام کۆمپانیای نوێ سەرهەڵدەدات و ژمارەی ملیۆنەر و ملیۆنەرەکان گەشە زیاددەکەن؛ هێزی سەربازی و دەزگا و یەکەی جۆراوجۆر، بەردەوام لە گەشەدایە... ئەم ئەلیتە کەمە، نە لەگەڵ هیچ دژوارییەک بەرەوڕووە، نە کەڵەکەی سامانیان زیانی پێدەگات، نە گلەییەکیشیان لە دۆخەکە هەیە... ئەگەر ئەو گلەییە هەژمارە نەکەین، کە پێیانوایە جەماوەری خەڵکی بەپێی پێویست درک بە گەورەیی و عەزمەتی دەسەڵاتداران ناکەن و خۆیان بە قەرزارباریان نابینن.

واتە لە بەردەستی دەسەڵات و داروودەستەکەیدا پارە هەیە، بەڵام ئەوەی لێی بێبەشە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستانە. دەزگا ڕاگەیاندنە زەبەلاحەکان و بانگەشەی هەڵبژاردن و کەڵەکەی سەرمایە و سەقامگیرکردنی کۆمپانیاکانیان و پەرەدان بە هێزە سەربازییەکانیان بۆیان ئەهمیەتی زیاتری هەیە تا ئاوڕدانەوەیەک لە ژیانی خەڵکی زەحمەتکێش و دابینکردنی مووچەو خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان . کۆشک و تەلاری نوێی و بازرگانی و کێبڕکێی دەسەڵاتی زیاتر جێگەی بایەخی دەسەڵاتدارانە، نەک وەڵامدانەوە بە پەیداکردنی پاروە نانی هەژاران.

ئەم دەسەڵاتە بەکردەوە نیشانیداوە کە ژیان و گوزەرانی خەڵکی هیچ ئەرزشێکی نییە لای. ئاگاداری نەبوونی و سەختی ململانێی خەڵکییە بۆ پەیداکردنی پاروەنانی ڕۆژانە، بەڵام نەک کاریگەری

⇦

تیناکات، بەڵکو بە هاندان و ستایشکردن، بانگەوازیان دەکات بە بەشی خۆیان ڕازی بن و تەنانەت سوپاسگوزاری دەسەڵات بن.

هەژاری و کارەساتی جەنگی زیندوومانەوە، هەرێستا دنیایەک ئاکامی نەخوازراو و دڵتەزێنی بەدوای خۆیدا هێناوە: لە بێبەشبوونی خەڵکی لە ژیانێکی سادە و خۆشگوزەرانی؛ زیانی گەورەی مندالان لە خوێندن و پەروەردە؛ زیادبوونی تاوان و نائارامی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیدا؛ بێئومێدی و نەدیتنی هیچ هیوایەک بۆ ئایندە... هەموو ئەمانە ئاماژەن بە دوارۆژێکی مەترسیدار بۆ کۆمەڵگای کوردستان. گەر لە جیهاندا خەڵکی لەپێناو ژیانێکی باشتر خەبات دەکەن، لە کوردستان خەڵکی لەپێناو بەدەستهێنانی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیان و بگرە وەرگرتنی مووچەکانیان دەجەنگێن، لە بەرانبەریشدا دەسەڵات لەهەموو ئیمکاناتێکی دارایی بەهرەمەندە و تەخشانوپەخشان بە داهاتی کوردستانەوە دەکات.

خەڵکی کوردستان تا کەی لە جەنگی زیندوومانەوەدا بێت؟ ڕۆشنە دەسەڵات خۆبەخشانە مل نادات و ئامادەی سازش نییە. جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش تەنها بە خەبات و یەکگرتوویی و ڕێکخراوبوونی خۆیان دەتوانن گۆڕانکاری لە بەرژەوەندی خۆیان بەدیبهێنن. چاوەڕوانی لە دەسەڵات کوشندەیە و بێئومێدی کوشندەتر. خەباتی یەکگرتووانە و هوشیارانە لە دەوری خواست و ئامانجی ڕۆشن و لەژێر ڕابەرایەتیەکی سیاسی شۆڕشگێڕو کۆمۆنیستیدا، کلیلی ئاڵوگۆڕە!

٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٥

# دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن: شانۆگەرییەک بۆ درێژەدان بە برسیکردن و سەرکوتکاری!

توانا محەمەد نوری



لەکاتێکدا خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش هیچ هیوایەکیان بە پێکهێنانی کابینەی دەیەم نییە و لەژێر بارگرانیی بژێوی ژیانیاندا دەناڵێنن، لێدوانەکەی ئەم دواییەی (هوشیار زێباری)، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، وەک خوێ کردن بوو بە برینی ئەم دۆخە چەقبەستووەدا. زێباری بەراشکاوی ڕایگەیاند: "ئەگەر یەکێتی نەیەتە پێشەوە بۆ دروستکردنی حکومەت، دەبێ هەڵبژاردن دووبارەبێتەوە." ئەم دێرە کورتە تەنها پەیامێکی ناوخۆیی نییە، بەڵکو هەڵگری کۆمەڵێک کۆدی سیاسی، هەرێمی و واقیعێکی تاڵی حوکمڕانییە کە دواجار باجەکەی هەر لەسەر شانی هاووڵاتییانی هەژار و کاسبکار دەشکێتەوە.

پێدەچێت ئەم لێدوانە لە ڕووکەشدا بەکارهێنانی "کارتی فشار" بێت بەرامبەر بە یەکێتی، بەڵام بۆ چینی کرێکار و هاوڵاتییەکی ماندوو، ئەمە تەنها شانۆگەرییەکی بێزارکەرە. بەپێی ئامارەکان، لەماوەی دە ساڵی ڕابردوودا مووچەخۆرانی هەرێم نزیکەی ٦٠ مانگ مووچەی تەواویان وەرنەگرتووە، کەچی پارتی وەک خاوەنی زۆرترین کورسی، وادەزانێت "مافی ڕەهای" هەیە مەرجەکانی یارییەکە دیاریبکات. پارتی دەیەوێت یەکێتی بخاتە بەردەم دووڕیانێکەوە، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە دواخستنی پێکهاتنی حکومەت واتە قوڵبوونەوەی کێشە و گرفتە ئابورییەکانی خەڵک و پرسی مووچەو خزمەتگوزارییەکان و بەرینبوونەوەی هەژاری و برسیەتی. تەنانەت ئەو ئامارە فەرمییانەی حکومەت کە دەڵێن ڕێژەی هەژاری لە هەرێم تەنها ٨.٦٪ە، جۆرێک لە گاڵتەجاڕی، چونکە پێوەرەکەیان بۆ "نەبوونی هەژاری" ئەوەیە کە داهاتی تاک لە ١٤٠هەزار دینار کەمتر نەبێت! لەکاتێکدا هەموو کرێکارێک دەزانێت کە بەو برە پارەیە تەنها خەرجی یەک هەفتەی خێزانێک دابین ناکرێت.

خاڵە هەرە ترسناکەکە بۆ سەر بژێوی خەڵک، پەیوەندی بەو مامەڵە ژێربەژێرە هەرێمییانەوە هەیە کە داهاتی ئەم وڵاتەی بەتاڵان بردووە. متمانە زۆرەکەی پارتی بەخۆی، لەو "قوڵاییە ستراتیژییەوە" سەرچاوە دەگرێت کە لەگەڵ تورکیادا هەیەتی. بەڵام ئەم پەیوەندییە هیچ خێرێکی بۆ خەڵک نەبووە؛ بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە پارێزگای دهۆک، کە بە قەڵای دەسەڵاتی پارتی دادەنرێت، بەپێی ڕاپۆرتەکانی پلاندانان هەژارترین پارێزگای هەرێمە و ڕێژەی هەژاری تێیدا ١٥٪ی تێپەڕاندووە. واتە بازرگانی لەگەڵ تورکیا تەنها گیرفانی کۆمپانیا حزبییەکانی پڕکردووە و خەڵکەکەشی لە

هەژاریدا هێشتووەتەوە.
پەیامەکەی زیباری واتە: "ئێمە پاڵپشتی دەرەکیمان هەیە و باکمان بە دۆخی ناوخۆ نییە."

لەبەرامبەردا، یەکێتی یاری بە کارتەکانی بەغدا دەکات بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی، بەڵام ئەم یارییەش لەسەر پشتی زیاتر لە ملیۆنێک و دووسەد هەزار مووچەخۆر دەکرێت. پرسە هەستیارەکانی وەک "تەوتین"ی مووچە، لەلایەن هەردوو حزبەوە وەک چەکێک دژی یەکتر بەکاردەهێنرێن، بێئەوەی گوێبدەنە ئەوەی دواکەوتنی هەر ڕێککەوتنێک مانای برسیبوونی زیاتری خێزانەکانە.

لەم نێوەندەدا، ئەوەی بۆ چینی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان ڕوونە ئەوەیە کە جەوهەری ململانێکە هیچ پەیوەندییەکی بە خزمەتگوزاری و ژیانەوە نییە، لەکاتێکدا ڕێژەی بێکاری لەنێو گەنجاندا ٢٠٪ی تێپەڕاندووە و ساڵانە هەزاران گەنج هەرێم جێدەهێڵن. ئەوەی دەگوزەرێت شەڕی دوو هێزی میلیشیایی و بازرگانی سیاسییە لەسەر دابەشکردنی داهات و قۆرخکردنی بازاڕ بۆ خۆیان و سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکانی نزیک لەخۆیان.

هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتی برسیکردن، ترسناکترین دیاردە بریتییە لە بەرتەسکبوونەوەی مەترسیداری ئازادییەکان و خنکاندنی هەر دەنگێکی نارەزایی. هەرێمی کوردستان لەسایەی ئەم دەسەڵاتە حزبییە میلیشیاییەدا، بەرەو "دەوڵەتێکی پۆلیسی" هەنگاوی ناوە کە تابێت ئازادیە سیاسیەکان بەرتەسکتر دەکرێنەوە و ڕۆژنامەنوس و چالاکوانی مەدەنی و سیاسی زیندانی دەکرێن، وەک ئەوەی لە دۆسیەی "دەستگیرکراوانی بادینان"دا بینیمان کە چۆن دادگا و یاسا کرانە ئامرازێک بۆ تەسفیەی حساباتی سیاسی. دەزگا ئەمنییەکان لەبری پاراستنی ئاسایشی هاوڵاتیان، بوونەتە ئامرازێکی زەبروزەنگ بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران و داخستنی دەمی خەڵک. بۆیە کاتێک باسی "هەڵبژاردن" دەکرێت لەکەشێکدا کە ترس باڵی کێشاوە بەسەر کۆمەڵگادا و ڕەخنەگرتن بە تاوان هەژمار دەکرێت، پرۆسەی دیموکراسی ناوەڕۆکەکەی لەدەستداوە و بۆتە نمایشێک بۆ درێژەدان بەم سەرکوتکارییە.

لە بەردەم ئەم چەقبەستوویە سیاسییە و بێباکییەی دەسەڵاتداراندا، ئیتر ڕوون بووەتەوە کە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش هیچ ئاسۆیەکی تریان لەبەردەم نییە جگە لە پشتبەستن بە ئیرادەی خۆیان. چاوەڕوانیکردنی "ڕەحمەتی" حزبەکان بۆ چاکسازی یان پێکهێنانی حکومەتێک کە خەمخۆری خەڵک بێت، تەنها خەیاڵێکی پووچە. تاکە ڕێگاچارە و ئەڵتەرناتیڤی ڕاستەقینە، بریتییە لە خۆڕێکخستنی جەماوەری و دروستکردنی فشارێکی بەردەوامی مەدەنی لەسەر ناوەندەکانی کارو خوێندن و خزمەتگوزاری و لەسەر شەقام؛ چونکە ئەزموون سەلماندوویەتی کە ئەم دەسەڵاتە تەنها لەژێر زەبری فشار و یەکگرتوویی دەنگی نارەزایەتیدا ناچار بە پاشەکشە و دابینکردنی مافە سەرەتاییەکان دەکرێت.

لە کۆتاییدا، سیناریۆی دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن بۆ خەڵکی ڕەشوڕووت تەنها مانای درێژکردنەوەی قەیران و بەهەدەردانی پارەی گشتییە. ئەم لێدوانە پەردەی لەسەر دیمەنە ڕاستەقینەکە لابرد: هەرێمێک کە تێیدا بەرژەوەندی وڵاتانی دراوسێ و تەماعکاری حزبەکان بۆ پۆست، هەموو شتێکی داگیرکردووە. لەم هاوکێشەیەدا، کرێکار و خەڵکی کەمدەرامەت و فەرمانبەر تەنها قوربانین؛ ئەوان دەبێت تەماشاکەری یارییەک بن کە تێیدا "میلیشیا و بازرگانە سیاسییەکان" براوەن و خەڵکیش دۆڕاو."

٢١/١١/٢٠٢٥

# بەیاننامەی هاوپشتی لەگەڵ خۆپیشاندانی مامۆستایاندا!

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق پشتیوانی تەواو و بێمەرجی خۆی بۆ خەباتی مامۆستایان لە سەرتاسەری عێراق دەردەبڕێت لەپێناو داواکاری مافە سەرەتاییەکانیان و ئەو نادادپەروەری و پشتگوێخستن و سیاسەتی بێبایەخ سەیرکردنە ڕەتدەکاتەوە کە حکومەت بەرامبەر بە یەکێک لە توێژە گرنگەکانی کۆمەڵگا پراکتیزەی دەکات.

خۆپیشاندانی مامۆستایان تەنیا نارەزایەتییەکی پیشەیی نییە، بەڵکو دەربڕینێکی ڕاستەوخۆی تووڕەیی جەماوەرییە بەرامبەر بە تێکچوونی دۆخی خوێند، تەشەنەکردنی هەژاری، نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دارمانی سیستەمی خزمەتگوزارییە گشتییەکان.

حکومەتە یەک لە دوای یەکەکان کەرتی خوێندن و پەروەردەیان گۆڕیوە بۆ گۆڕەپانی پشتگوێخستن و گەندەڵی، لەبری ئەوەی گەرەنتی ژیانێکی شایستە بۆ خۆیان و خێزانەکانیان دابین بکەن، مامۆستایانیان بەرەو لێواری بێبەشی پاڵپێوەناوە. وە لەسەر پایەی هەژاری و بێبەشیی ئەوان قوتابخانە و زانکۆ ئەهلیەکانیان بنیات ناوە، خوێندن و پەروەردەیان لە عێراق کردووە بە ئامرازێک بۆ وەبەرهێنانی حزبی و میلیشیا سیاسییەکان، کە بەو تاڵانکردن و چەتەگەری و دزییە سیستماتیکییە تێرناخۆن کە دوو دەیەیە ئەنجامی دەدەن.

ئێمە، لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، ئەوە دووپات دەکەینەوە کە:

١/ پاڵپشتی ڕەها لە داواکاری مامۆستایان دەکەین بۆ باشترکردنی مووچە،

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق پشتیوانی تەواو و بێمەرجی خۆی بۆ خەباتی مامۆستایان لە سەرتاسەری عێراق دەردەبڕێت لەپێناو داواکاری مافە سەرەتاییەکانیان و ئەو نادادپەروەری و پشتگوێخستن و سیاسەتی بێبایەخ سەیرکردنە ڕەتدەکاتەوە کە حکومەت بەرامبەر بە یەکێک لە توێژە گرنگەکانی کۆمەڵگا پراکتیزەی دەکات.

خۆپیشاندانی مامۆستایان تەنیا نارەزایەتییەکی پیشەیی نییە، بەڵکو دەربڕینێکی ڕاستەوخۆی تووڕەیی جەماوەرییە بەرامبەر بە تێکچوونی دۆخی خوێند، تەشەنەکردنی هەژاری، نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دارمانی سیستەمی خزمەتگوزارییە گشتییەکان. حکومەتە یەک لە دوای یەکەکان کەرتی خوێندن و پەروەردەیان گۆڕیوە بۆ گۆڕەپانی پشتگوێخستن و گەندەڵی، لەبری ئەوەی گەرەنتی ژیانێکی شایستە بۆ خۆیان و خێزانەکانیان دابین بکەن، مامۆستایانیان بەرەو لێواری بێبەشی پاڵپێوەناوە. وە لەسەر پایەی هەژاری و بێبەشیی ئەوان قوتابخانە و زانکۆ ئەهلیەکانیان بنیات ناوە، خوێندن و پەروەردەیان لە عێراق کردووە بە ئامرازێک بۆ وەبەرهێنانی حزبی و میلیشیا سیاسییەکان، کە بەو تالانکردن و چەتەگەری و دزییە سیستماتیکییە تێرناخۆن کە دوو دەیەیە ئەنجامی دەدەن.

ئێمە، لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، ئەوە دووپات دەکەینەوە کە:

١/ پاڵپشتی ڕەها لە داواکاری مامۆستایان دەکەین بۆ باشترکردنی مووچە، پێدانی شایستەکانیان، جێگیرکردنی گرێبەستەکانیان و کۆتاییهێنان بە سیاسەتی دواخستن و لەچاوەڕوانی ڕاگرتندا.

٢/ پێویستە بودجەی خوێندن و پەروەردە زیادبکرێت وەکو کەرتێکی ستراتیژی نەک وەکو بارگرانیەک لەسەر حکومەت.

٣/ لێپرسینەوە لەو کەسانە بکرێت کە بەرپرسیارن لە شکستی پرۆسەی خوێندن و پشتگوێخستنی قوتابخانەکان و ژێرخانی پەروەردەیی.

٤/ دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی فێرکاری سەلامەت و شکۆمەند بۆ قوتابیان و مامۆستایان، دوور لە گەندەڵی و تایفەگەری و دڵسۆزی حزبی.

٤/ پاراستنی مافی مامۆستایان بۆ خۆپیشاندان و مانگرتن و پێکهێنانی سەندیکای سەربەخۆ بەبێ هەڕەشە و تۆقاندن.

دەسەڵاتێک کە شکستی هێناوە لە دەستبەرکردنی خوێندن و پەروەردەیەکی خۆرایی باش و ڕێزگرتن لە مامۆستایان، دەسەڵاتێک نییە کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگا بکات، بەڵکو نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی تۆڕە گەندەڵەکان و حزبە میلیشیاییەکان دەکات کە دەوڵەتیان گۆڕیوە بۆ ئامێرێک بۆ خەفەکردنی داواکارییە ڕەواکانی خەڵک.

خەباتی مامۆستایان بەشێکە لە خەباتی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش لە عێراق بۆ ژیانێکی شکۆمەندو شایستەی مرۆڤ، بۆ ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی. هێزی ئەم بزووتنەوەیە لە یەکگرتوویی و ئیرادە و سەربەخۆییدایە لە هێزەکانی دەسەڵات. ئێمە لە هەموو هەنگاو و نارەزایەتییەکدا شان بە شانی ئەوان ڕادەوەستین.

**بژی خەباتی مامۆستایان!**

**ئازادی و یەکسانی و ژیانێکی شکۆمەندانە بۆ هەمووان!**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**١٩-١١-٢٠٢٥**

## بەیاننامەی بەرەی یەکگرتووی کرێکاران سەبارەت بە:

## دەنگدانی پەرلەمانی ئیسرائیل بۆ لەسێدارەدانی زیندانیانی فەلەستینی

بەیاننامەی بەرەی یەکگرتووی کرێکاران سەبارەت بە دەنگدانی پەرلەمانی ئیسرائیل بۆ لەسێدارەدانی زیندانیانی فەلەستینی

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر پەرلەمانی ئیسرائیل کە بە کنێست ناسراوە، دەنگی لەسەر بڕیارنامەی لەسێدارەدانی زیندانیانی فەلەستینی دا. ئەم بڕیارنامەیە پێشینەیەکی مەترسیدار لە مێژووی ئەم دەوڵەتە ڕەگەزپەرست و فاشیستەدا پێکدەهێنێت. نەک هەر ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە زیندانییەکان پێشێل دەکات، بەڵکو تەحەدایەکی ئاشکرایە بۆ جیهان، بە تایبەت دوای دانپێدانانی نێودەوڵەتی یەک لە دوای یەک بە دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستیندا.

بڕیارنامە تاوانکارانەکەی کنێسەت ڕەنگدانەوەی گیرخواردنی ئەم دەوڵەتە ملهوڕ و قێزەون و گۆشەگیرکراوەیە لەسەرئاستی نێودەوڵەتی و بنبەستە سیاسییەکەی لەسەر شانۆی جیهانی ئاشکرا دەکات. جگە لەوەش، ئەم دەوڵەتە کە هەموو شەرعیەتێکی سیاسی و یاسایی و ئەخلاقی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا لەدەستداوە، هەوڵدەدات- لەڕێگەی ئەم بڕیارنامەیەوە- خۆی وەک داگیرکارییەک خۆی نیشان بدات و بانگەشەی ئەوە بکات کە هیچ بەرپرسیارێتییەکی یاسایی و ئەخلاقی بەرامبەر بەو زیندانیانە هەڵناگرێت کە بەرەنگاری ئەو داگیرکارییە بوونەتەوە.

دەوڵەتی ئیسرائیل، ئەوەی ئەمڕۆ بەیوەی دەبات، ناکرێ کەمتر لە مافیایەکی حکومی پێناسە بکرێت، وەکو باندێکی مافیا ڕەفتار دەکات و بڕیار دەدات، وە بە هیچ شێوەیەک ڕەچاوی یاسا نێودەوڵەتییەکان ناکات. بێباکی ئەم حکومەتە کە لەسەریەوە

تا پێیەکانی لەناو تاواندا دژی گەلی فەلەستین نوقم بووە و لەلایەن دادگای نێودەوڵەتیی داد و دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان و ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئیدانە کراوە، لەو پشتیوانییە ڕاستەوخۆ و بێمەرجەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە ئەمریکاوە پێیدەگات. بەبێ ئەم پشتیوانییە، ئەم دەوڵەتە قێزەونە بوونی نەدەبوو، وە نەیدەیتوانی یەک ڕۆژ زیاتر بمێنێتەوە، چونکە لە بنەڕەتدا توانای ئەوەی نیە کە جێگای خۆی لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا پەیدا بکات.

دەوڵەتی داگیرکەری ئیسرائیل بە سروشتی نازییانەی خۆیەوە، هەوڵ دەدات لەڕێگەی کوشتنی دەرەوەی دادگاوە لە غەززە و دوور لە چاوی جیهان و بە برسیکردنی دانیشتووانەکەی، بوونی خۆی درێژ بکاتەوە. دەستی جولەکە نیشتەجێکراوە( مستوطن) دڕندەکان ئاوەڵا دەکات بۆ هەڵدرینی جەستەی دانیشتوانی کەناری ڕۆژئاوا و سیاسەتی ئەشکەنجەدان و زەلیلکردن بەرامبەر بە زیندانییەکان پەیڕەو دەکات تارادەی بڕیاریی لە سێدارەدانیان.

کرێکاری بۆ بەرگری لە گەلی فەلەستین بە توندترین شێوە ئەم بڕیارە شەرمەزارکەرە ئیدانە دەکات و داوا لە هەموو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکات کە بە توندی لە دژی ئەم بڕیارە تاوانکارانەیە بوەستنەوە. هاوکات بانگەوازی چینی کرێکاری جیهانی و بزووتنەوەی هاوپشتی لەگەڵ گەلی فەلەستین دەکات کە پەرە بە ناڕەزایەتی و بەرەنگاربونەوەی ئەم سیاسەتانە بدەن تارادەی بەشکستکێشانیان.

ڕێگای ئازادبوونی جەماوەری فەلەستین و کۆتاییهێنان بە مۆتەکەی داگیرکاری لە بزووتنەوەی هاوپشتی جیهانی لەگەڵ گەلی فەلەستین و دڵە زیندووەکەی، بزووتنەوەی چینی کرێکاردایە. هەروەک چۆن ئەم بزووتنەوەیە دانپێدانانی دەوڵەتی فەلەستین و ئاگربەستی لە غەززە سەپاند – هەرچەندە ئاگربەستێکی ڕێژەییە – بەوجۆرە توانای ڕووخاندنی ئەم فاشیزمەی لە ئیسرائیلدا هەیە.

١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥

# بەیاننامەی بەرەی یەکگرتووی کرێکاری بۆ بەرگری لە گەلی فەلەستین
## بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی هاوپشتی لەگەڵ گەلی فەلەستین

هەموو ساڵێک لە ٢٩ی تشرینی دووەمدا، جیهان یادی ڕۆژی نێودەوڵەتی هاوپشتی لەگەڵ گەلی فەلەستین دەکاتەوە، کە ڕۆژێکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە بڕیارنامەی ناڕەوای ١٨١ کە فەلەستینی دابەشکرد و کارەساتی نەکبەی لێکەوتەوە کە کە ٧٧ ساڵە بەردەوامە. ئەمساڵ ئەم ڕۆژە لەکاتێکدا یاددەکرێتەوە کە دەستدرێژی دڕندانەی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە بەردەوامە و گەڕەکەکان بەتەواوی لەناو دەچن و کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و منداڵان لە ژێر داروپەردووەکاندا دەکوژرێن و سەدان هەزار کەسیش ئاوارەبوون لە کردەوەیەکی ئاشکرای پاکتاوی نەتەوەیی کە لەبەرچاوی تەواوی جیهاندا ئەنجام دەدرێت.

بەرەی یەکگرتووی کرێکاری دووپاتی دەکاتەوە کە هاودەنگیی ڕاستەقینە لەگەڵ گەلی فەلەستیندا لەڕێگەی وتاری فەرمی یان نیشاندانی "نیگەرانی"یەوە دەرنابڕدرێت، بەڵکو لە ڕێگەی هەڵوێستێکی سیاسی ڕوونەوە دەبێت کە جینۆسایدی کۆلۆنیالیستی ڕەتدەکاتەوە و ئەو ڕژێمانە شەرمەزار دەکات کە هاوبەشن لە درێژەپێدانیدا، لە پێش هەموویانەوە زلهێزە ئیمپریالیستەکان، بەتایبەتی ئەمریکا.

بەم بۆنەیەوە ڕایدەگەیەنین کە بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بە غەززە کە لەژێر فشاری واشنتۆندا پەسەندکراوە، هیچ نیە بێجگە لە هەوڵێک بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەژموونی ئیمپریالیستی لەڕێگەی "ئاگربەستێکی مرۆیی" مەرجدار و بەشبەشەوە کە پارچەپارچەکراوەوە کە دەبێتە هۆی پشتگوێخستنی:

•وەستاندنی تەواوەتی دەستدرێژی دڕندانەی ئیسرائیل
•هەڵگرتنی گەمارۆ
•گەڕانەوەی ئاوارەکان
•لێپرسینەوە لە تاوانبارانی جەنگ
•ڕاگرتنی دەستبەجێی توندوتیژیی نیشتەجێ جولەکەکان( مستوطنین) لە کەنارەی ڕۆژئاوا و ڕاگرتنی چالاکییەکانی نیشتەجێبکردن
•بنیاتنانەوەی دەستبەجێی غەززە بەبێ دابەشکردنی بەسەر هێڵی زەرد، هێڵی سوور، یان هێڵی تردا
•دانانن بە مافی گەلی فەلەستین بۆ ڕزگاری نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان

ئەم بڕیارنامەیە تاوانەکە دەگۆڕێت بۆ "قەیرانێکی مرۆیی" و مافی

بەرەنگاری و رزگاری فەلەستینییەکان لە ناوەڕۆکی سیاسییەکەی بەتاڵ دەکاتەوە، هاوکات دەرفەت دەدات بە داگیرکەران بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی پێگەی سیاسی و سەربازی خۆی. بڕیارێکە کە تاوانبار بێتاوان دەکات و قوربانییەکە بە تاوانباری کارەساتەکە دەزانێت و هەربۆیەش بە تەواوی ڕەتی دەکەینەوە.

لەهەمانکاتدا، بەرەی یەکگرتووی کرێکاری، هەوڵەکانی ئەمریکا بەتایبەتی لەڕێگەی بزووتنەوەی ڕاستڕەوی ڕەگەزپەرستەوە بەسەرۆکایەتی ترەمپ، بۆ ئیستغلالکردنی ئەنجومەنی ئاشتی جیهانی وەک ئامرازێکی فشاری سیاسی بۆ ڕەواجدان بە "ئاشتی لەژێر لولەی چەکی داگیرکاری" و شێواندنی خەباتی فەلەستین بۆ کۆتاییهێنان بەو ستەمە نەتەوەییە ئاشکرایەی کە بەسەریاندا هاتووە، ئیدانە دەکات.

هەوڵەکان بۆ گۆڕینی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ چەند پلاتفۆرمێک کە خزمەت بە پڕۆژەی نوێی "مامەڵەی سەدە" دەکەن، بە بێدەنگکردنی دەنگەکانی دژ بە جینۆساید لە غەززە، بەشێکە لە پلانێکی سیاسی کە ئامانج لێی:

- سڕینەوەی ڕووی داگیرکارییە
- لەباربردنی بزووتنەوەی هاوپشتی جیهانیە
- شێواندنی خەباتی فەلەستینە
- تێکدانی ڕۆڵی سەندیکاکانی کرێکاران و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان لە سەرانسەری جیهاندا.

بەرە بەڕوونی دووپاتی دەکاتەوە کە ئاشتی ڕاستەقینە ناکرێت لەسەرەوە بسەپێندرێت، وە ناکرێ لەلایەن ئیمپریالیستەکانەوە بۆمان بنوسرێتەوە ، بەڵکو بە بەرەنگاری و خەباتی دەستەجەمعی گەلان بەدەست دەهێنرێت.

گەلی فەلەستین ئەمڕۆ تەنیا لەپێناو مانەوەی خۆیدا ناجەنگێت، بەڵکو بۆ داهاتووی مرۆڤایەتی بەگشتی لەبەرامبەر پڕۆژەیەکی کۆلۆنیالیزمی خوێناویدا تێدەکۆشێت. لەم ڕۆژەدا، ڕۆژی جیهانی هاوپشتی جیهانی، دووپاتی دەکەینەوە کە دۆزی فەلەستین و کۆتاییهێنان بە ستەمی نەتەوەیی کە بەسەر گەلی فەلەستیندا سەپێنراوە، پرسی چینی کرێکاری جیهانییە و بەبێ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەلەستینی ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەکە و جیهاندا بەرقەرار نابێت.

لەکاتێکدا بەرەی کرێکاری داوا لە هەموو سەندیکاکان، ڕێکخراوەکان، چالاکییەکان، ئەڵقەکان و کۆڕو کۆمەڵە کرێکارییەکان لە سەرانسەری جیهان دەکات کە چالاکیی جۆراوجۆر لە شوێنی کار و گۆڕەپانە گشتییەکان ڕێکبخەن بۆ دەربڕینی هاودەنگی لەگەڵ گەلی فەلەستین.

**بژی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین!**

**بژی هاوپشتی نێونەتەوەیی کرێکاریی!**

**بژی بزووتنەوەی جیهانی بۆ پشتیوانی لە دۆزی فەلەستین!**

**کۆتایی مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٢٥**

# ژیانێکی پڕ لە توندوتیژی، خەباتێکی بەردەوام بۆ بەرەنگاربوونەوە ئەخوازێ!

ساڵانە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە دژی ژناندا، کە بە ٢٥ ی نۆڤێمبەر دیاریکردووە، جگە لەوەی دەست بۆ بڵاوکردنەوەی ژمارە و ئاماری توندوتیژی لە جیهاندا ئەبات و چەند ڕۆژێکیش وەک چالاکی بەم بۆنەیەوە ڕائەگەیەنێ، "ئەرکی دەوڵەتان" بۆ وەستانەوە بەرامبەر بە توندوتیژی دژ بە ژنان دیاری ئەکات. هەموو ئەم هەواڵانەی ئەمساڵ و ساڵانی تر لەم بۆنەیەدا لەژێر سایەی سیستمێکدایە کە تەواوی ژیانی ژنانی کردۆتە جەهەنمێکی واقعی و سوچ و کەلەبەری ئەم دنیایە نەماوە و نییە نمونەکانی توندوتیژی بە شێوازی جیاجیاوە بەخۆوە نەبینێ.




لە چەوسانەوەی بێوێنەی ژنانی کرێکار لە فیلیپین و ڤێتنام و کەمبۆدیا و بەنگلادیش و وڵاتانی هاوشێوەیانەوە، تا "بەهەشتی دورگەکانی کاریبی" کە کچانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵی بۆ گەورە سەرمایەدارەکان و سەرانی پلە باڵای سیاسی و حکومی، کە دەوڵەتانێکی خستۆتە بازاڕی سێکسفرۆشییەوە، نمونە هەرە قێزەونەکانی ئەم کۆیلایەتیەی ژنان نمایش ئەکات.لە ئەمریکا و ئەوروپادا، سەندنەوەی مافی لەباربردنی

منداڵ، جیاکاری لە هەلی بەدەستهێنانی کار و هەقدەستدا، تا بازرگانی کردن و ڕاپێچکردنی ژنان و کچانی منداڵو توشکردنیان بە ماددە هۆشبەرەکان و بەکارهێنانیان لە تۆڕەکان و مافیاکانیبازرگانی بەو ماددانەوە، هەموو ئەمانە هێشتا نمونەگەلێکی کەمن بۆ ئەو توندوتیژیە ڕێکخراوە لەلایەن دەوڵەتان و دەسەلاتدارانەوە، کە دژ بە ژنان ئەنجام ئەدرێن. لەفەلەستین و سودان ئەو سەدان هەزار ژن ومنداڵەی کەقوربانی جەنگ وکاولکاری وبەزۆر کۆچپێکردن وبرسیکردنن، منداڵانێک کەبەبەرچاوی خێزانەکانیانەوە ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە ڕاستەوخۆ لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیل و گروپە چەکدارەکانی سودانەوە، وێنای ترژیدیایەکی ئینسانییان کردۆتە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر، کە بەپشتیوانی وبەبەرچاوی هەر ئەم دەوڵەتانە ویاسانێودەوڵەتیەکانیانەوە ئەنجام ئەدرێت.

لەئێران و وڵاتانێک کەگیرۆدەن بەئیسلامی سیاسی وشەریعەتەکەی، دەسەلاتداران نەک هەر سوکایەتی پێکردن و پلەدوویی و ژێردەستەیی و برەودان بە"سیغەکردنی ژنان" و زەوتکردنی سەرەتاییترین ماف و ئازادیەکانیان کراوەتە نۆرمێکی ئاسایی لەکۆمەڵگەدا، بگرە زیندانیکردن ولەسێدارەدانی ژنانێکی ئاکتیڤیست، بۆتەبەشێک لە هەواڵی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن. هەموو ئەمانەش پێمان ئەڵێن کە سیستەمی سەرمایەداری و دەسەلاتەکانی چینی بۆرژوازی لەمسەر تا ئەوسەری دونیا، نمونەی زۆر قورستر و ناشرینتری بۆ هێرشکردنە سەر ژنان لە دەستوردایە. سیستەمێک کەلەبنەڕەتەوە لەسەر بنەمای جیاکاری چینایەتی و هەلاواردنی ژنان وئینسانەکان دامەزراوە تا کاری هەرزان و کۆمەڵگەیەکی سەرکوتکراو، بۆ قازانجبردنی زیاتری سەرمایەداران برەخسێت.

لە کوردستان و عێراقیشدا دۆخی ژنان لەوانەی باقی جیهان باشتر نییە. تیرۆرکردن بەبیانوی پیسی ناموسی لە دەیان ساڵەوە هەیە و ڕەواجی پێئەدرێت. هەراسانکردن لە شوێنی کار و کۆمەڵگەدا، تا ئازاردانی جەستەیی و دەروونی و شێوەکانی توندوتیژی خێزانی و دیجیتاڵی و سوکایەتی کردن بە ژنان لە میدیاکانەوە، تا پەسەندکردنی یاسای فرەژنی لە پەرلەمانی کوردستان و یاسای جەعفەری بۆ لاقەکردنی کچانی منال لە عێراقدا... ئەمانە نیشانی ئەدەن کە چ زەلکاوێک لەژێر سایەی دەسەلاتی چینی بۆرژوازی چ لە عێراق و چ لە کوردستان و ڕەوتە قەومی و دینییەکاندابۆ ژنان خوڵقاوە. کاتێکیش باس دەێتە سەر مافەکانی ژنان و توندوتیژی، دانانی ژمارەیەک لەژنان لەژێر ناوی "کۆتا"دا وەک مەنتێک بەرووی کۆمەڵگەدا ئەدەنەوەو ئەڵێن " ژنان لە بەرێوەبردنی سیاسی و پەرلەماندا بەشدارییان هەیە"! لەکاتێکدا ئەم هەنگاوەشیان جگەلە چارەکە کردنی ناسنامەی ئینسانی ژن و سەندنەوەی مافی هاولاتی بوونی یەکسان لێیان شتێکی ترنییە. لە ڕاستیدا دەسەلاتی ئەحزابی بۆرژوازی کورد، وەک هەر حکومەتو دەسەلاتێکیتری بۆرژوازی، پارێزەری هەر ئەو سیستەمەن، کەپشتی بەستووە بە ڕاگرتنی ژێردەستەیی و جیاکاری و هەموو ئەوبەها و کولتورە دواکەوتووانەیەی کەمافو ئازادیەکانی ژنان ژێرپێئەخات و حورمەتی ئینسانیو هاولاتیبونیان لێ زەوتئەکات. ئەوان لەپاڵ دزی و تالانبردنی سەروەتی کۆمەڵگە و خواردن و بردنی موچەی موچەخۆران و وێرانکردنی خزمەتگوزاریەکاندا، هێندەی تر ژنانیان یەخسیری چەوسانەوە و پلەدوویی و کردنیان بە نێچیری دواکەوتوویی و یاسا کۆنەپەرستە ئیسلامیەکان، کردووە.

بەلام هەروەک چۆن ژنان و بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان لە جیهاندا، بەشێوازی جۆراوجۆر، لە دژی چەوسانەوە و پلەدوویی و بە دیاریکراویش دژ بە توندوتیژی هاتوونەتەمەیدان و شەقامەکانیان کردۆتە شوێنی نمایشکردنی ئەم خەباتە، ئاوەهاش ژنانی کوردستان هەروا دەستەوسان و ڕاناوەستن.کەواتە ئەبێ ئەوان "ڕۆژی جیهانی ڕاوەستانەوە بەدژی توندوتیژی" لەپەیوەند بەدۆخی ئێستای کوردستانەوە، وەک فرسەتێک بەدەستەوەبگرن، ئەبێ بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان وەک خەباتێکی لێکهەڵپێکراو و بەشێک لەناڕەزایەتیەکانی ڕۆژانەی جەماوەری کرێکار و بێبەش بۆ بەدەستهێنانی ژیان و بژێوی و خزمەتگوزاریەکان، بەخواستی پێشڕەوانەی خۆیانەوە یەکگرتوانە پێ بنێنە مەیدانەوە. کێشەی ژنان، کێشەی کرێکارانە و خەباتیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و هەرجۆرێکی تری ستەم دژ بە ژنان پەیوەستە بەخەباتی کرێکارانەوە چ بۆ باشبوونی ژیان و چ بۆ ڕزگاری یەکجاری لە سیستەمی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئازادو یەکسان وبەدەر لەهەر شێوازێکی توندوتیژی.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان**

**٢٤/١١/٢٠٢٥**

**ڕەگ و ڕیشەی نایەکسانی و بێمافیەکانی ئەمڕۆی ژنان، ناگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕی کۆن و میراتی فیکری و کەلتووریی نیزام و کۆمەلگا کۆن و لەناوچووەکان و پەیامبەران و دیانەتەکانی سەردەمی جاهیلیەت، بەلکو دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەلگای سەرمایەداری پیشەسازی و مۆدێرنی ئەمڕۆ !**

# کشانەوەی گەریلاکانی پەکەکە لە ناوخۆی تورکیا!

عوسمانی حاجی مارف

ڕۆژی یەکشەممە ١٩ی ئۆکتۆبەر، پەکەکە کشانەوەی سەرجەم گەریلاکانی لە خاکی تورکیا بۆ باکووری عێراق ڕاگەیاند! ئەم ڕاگەیاندنە لە بەیاننامەیەکی فەرمیدا سەرکردەکانی پەکەکە لە ناوچەی چیای قەندیل لەمیانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا خوێندیانەوە، لە ڕاگەیەندراوەکەدا جەخت لەسەر ئەوەکرا، کە بڕیاری کشانەوەکە بۆ دورکەوتنەوەیە لە مەترسی پەرەسەندن یان پێکدادانی نەخوازراو لەناو تورکیادا.

ئەم پێشهاتە نوێنەرایەتی وەرچەرخانێکی بێوێنە دەکات لە ململانێی چوار دەیەی نێوان حکومەتی تورکیا و پەکەکەدا، بەشێوەیەکی کاریگەر کۆتاییە بە بوونی سەربازی لە سنوورەکانی تورکیا و گواستنەوەی چەکدارەکان بۆ ناوچە شاخاویەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

ڕاگەیاندنی کشانەوەی پەکەکە لە خاکی تورکیا، کاردانەوەی بەرفراوانی بازنە سیاسیەکانی ئەنقەرە بەدوای خۆیدا هێنا، ئەم هەنگاوە بە وریاییەوە پێشوازیەکی فەرمی لێکرا و حکومەت بە نیشانەدرێکی ئەرێنی زانی بۆ گەیشتن بە ئامانجە ڕاگەیەندراوەکەی کە پاراستنی تورکیایە لە "تیرۆرو تیرۆرستان"، بەتایبەتی کە پەکەکە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لە تورکیا دەستنیشان کراوە! ئەنقەرە چاودێری جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە دەکات، بۆ دڵنیابوون لە جدیەت و بەردەوامیەکەی و کۆتاییهێنان بەهەر گروپێکی چەکداری لە تورکیادا.

ئەم ڕاگەیاندنە بڕگەیەکی گرنگە لە پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی هێزە چەکدارەکانی پەکەکە، کە زنجیرەیەک هەنگاوی وردە وردە بە دەوری ئۆجەلان لەناو خانەی زیندانەکەیەوە کۆتایی پێدەهێنێت، ڕێگە خۆش دەکات بۆ داخستنی یەکێک لە ئاڵۆزترین حاڵەتەکانی توندوتیژی لە مێژووی کۆماری تورکیادا.

لەلایەکی ترەوە ئەم بڕیارەی پەکەکە بەهەر سەرنجێ لەسەر پێگەو ململانێی لەبەرامبەر حکومەتی تورکیادا، وەرچەرخانێکی مێژوویی لە هاوکێشە ئەمنی و سیاسیەکانی تورکیادا نیشان ئەدات، کە وەک داخستنی دیفاکتۆی خەباتی چەکداری دەیان ساڵەیە و گۆڕانکاریەکی ڕاگەیەندراو بەرەو کردەوەی هەڵبژاردەی سیاسی لە بواری تردا دەخوێندرێتەوە!.

پەکەکە لە یەکی ئازاردا ئاگربەستی تاکلایەنەی دەستبەجێی ڕاگەیاند، دوای دوو مانگ، ئەو حزبە دوازدەهەمین کۆنگرەی خۆی لە چیای قەندیل بەست، لەوێ بڕیارێکی چارەنوسسازانەی دا بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە و کۆتاییهێنان بە خەباتی چەکداری. ئەم هەنگاوە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە گۆڕانکاریە ناوچەییەکان، دیارترینیان گۆڕانی دۆخی سیاسیە لە سوریا دوای پێکهێنانی حکومەتی نوێ لە دیمەشق بە پشتیوانی تورکیا، دەرفەتێکی داوە بە ئەنقەرە لە پێگەیەکی سەقامگیرتر و متمانە بەخۆبوونەوە خۆی لە ئاستی ناوچەیدا دامەزرێنێتەوە و جێگیر بکات، هەربۆیە بە شێوازێک کە بۆخۆی گونجاو بێت بانگەشەی ئاشتی دەکات و باس لە هەنگاوەکانی کۆتاییهێنان بە تیرۆر دەکات.

لەڕووی سەربازیەوە، ئەو بڕیارە دانپێدانانی ناڕاستەوخۆیە بە پاشەکشەی پەکەکە، کە لەباری عەمەلیەوە لەبەرامبەر ئۆپەراسیۆنە سەربازیە بەردەوامەکانی تورکیا لە هەرێمی عێراق و باکورو ڕۆژهەڵاتی سوریا بەرجەستەبۆتەوە، پاشەکشەی گەورەی بە هێزەکانی پەکەکە کردووە لە ناوخۆی تورکیادا. ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەناو پەکەکەدا ڕوویداوە، چیتر توانای بەردەوامی یاخیبونی چەکداری نەماوە، بەهۆی ئەو لێدانە قورسانەی بەریکەوتووە، بەتایبەتی لە دوو دەیەی ڕابردوودا.

ئەتوانین بڵێین پەکەکە کشانەوەیەکی ناچاری هەڵبژارد، بۆئەوەی ڕووبەڕوی گورزی ڕوخانی یەکجاری نەبێتەوە، هاوکات ئەنقەرە توانیویەتی هاوسەنگیەک لەسەر بنەمای دابەشنەکردنی ئاسایشی تورکیا دابمەزرێنێت، ئەمەش بەهۆی پەرەسەندنی هەماهەنگی لەگەڵ بەغدا و هەولێر و فراوانبوونی ئۆپەراسیۆنە پێشوەختەکان دژی بنکەو بارەگانی پەکەکە.

لە ڕاستیدا تەحەدای ڕاستەقینە لە دوای کشانەوەی پەکەکە لەناوخۆی تورکیا دەست پێدەکات، هەنگاوی داهاتوو پەیوەستە بە توانای ئەنقەرە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو کوتلانەی کە لەدەرەوەی تورکیان، بەتایبەتی ئەو هێزانەی لە قەندیلە و هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە)، کە سەختە بۆ تورکیا لەنێو ئەو ململانێ جیهانیەی کاریگەری لەسەر ناوچەکە هەیە، بەئاسانی هەنگاوەکانی بەرێتە پێشەوە، لەکاتێکدا کە تەواو دەرگیرە لەبەرامبەر ڕۆڵی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا.

جگە لەوەش سیاسەتی تورکیا لەبەرامبەر کێشەی کورد گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەردۆغان هەندێ دەستپێشخەری لەوبارەیەوە کردووە، کە تاڕادەیەک دەرگای بۆ پارتە کوردیەکان بۆ ناساندنی ناسنامەی کوردی کردۆتەوە، هەروەها بارودۆخی ناوچەیی و نێودەوڵەتی ڕۆڵی هەبووە، لەسەر پرسی کورد لە ناوچەکە بەگشتی و تورکیا بەتایبەتی، لەهەمانکاتدا ئەوەی زیاتر ئارامبونەوەی نێوان تورکیا و پەکەکەی خۆشکرد، بونی پێگەی هەسەدەیە وەک هێزێکی بەتواناو دەسەڵاتدار لە سوریا، کە فشارێکی گەورەیە بە نەرێنی لەسەر دەوری تورکیا لە سوریادا.

ئەوەی شایانی باسە هەواڵ هەیە کە کارەکانی لیژنە پەرلەمانیەکەی تورکیا، لەسەر مەسەلەی ئاشتی خاو بووەتەوە یان وەستاوە، تا ئێستا هیچ پرۆژە یاسایەکی سەبارەت بە گەڕانەوە و تێکەڵکردنی چەکدارانی پەکەکە بۆ ژیانی مەدەنی، یان لێبوردن بۆ سەرکردە دیارەکانی باسی نیەو ڕانەگەیەندراوە!. لەلایەکی تریشەوە جوڵەو کشانەوەکانی پەکەکەش زیاتر ڕەمزیە تائەوەی ئاراستەی جدی لە گۆڕانکاریەکەی نیشان بدات، بەوپێیەی لە نمایشەکاندا تەنها ژمارەیەکی سنوورداری چەکداری تێدا بەشداربووە، لەکاتێکدا ئەو حزبە هێشتا چەک و تەقەمەنیە قورسەکان و کەمپەکانی خۆی لە چوارچێوەی خاکی عێراقدا پاراستووە.

جگە لەوەی سەرکردایەتی پەکەکە گواستنەوەی بۆ دەرەوەی تورکیا هەڵبژارد، بەتایبەتی بۆ کوردستانی عێراق کە هاوسنوورە لەگەڵ تورکیا، پێشتریش بۆتە هۆی دروستبونی خۆڵێدانێکی قووڵ لەنێوان ئەنقەرە و حکومەتەکانی بەغدا و هەولێر، بەڵام خودی کشانەوەکە تارادەیەکی زۆر ڕەمزیە، ژمارەی ڕاستەقینەی ئەو ئەندامانەی پەکەکە کە پێگەکانیان لە ناوچە سنووریەکانی تورکیا بەجێهێشت و ڕوویان لە کوردستانی عێراق کرد، تەنیا چەند دە کەسێکە، بە بەراورد بەو ژمارە زۆرەی چەکدارەکان کە لە ناوچە شاخاویەکان بەدرێژایی سنووری تورکیا-عێراق-سوریا جێگیرکراون. جگە لەوەش، کشانەوەی ئەو هێزانەی کە ماون، لەلایەن هەواڵگری تورکیاوە ژمارەیان بە هەزاران مەزەندە دەکرێت، کە پەیوەستە بە پابەندبوونی تورکیا بە پرۆسەی ڕێکەوتن لەگەڵ ئۆجەلان.

ئەم کردەوە ڕەمزیە جیاواز نیە لەوەی کە پەکەکە لە ١١ی تەمووزدا کردی، کاتێک لە مەراسیمێکی ڕەمزیدا لە جاسەنە بەڕێوەچوو، گروپێکی ٣٠ کەسی لە ئەندامانی چەکی سووکیان سووتاند. ئەم هەنگاوە ئامانجی دووپاتکردنەوەی پابەندبونی پەکەکە بوو، بە "بانگەوازی ئاشتی و کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی" کە لە لایەن عەبدوڵلا ئۆجەلان لە ٢٧ی شوباتدا دەرچووە. ئۆجەلان داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو پارتە و تەسلیمکردنی چەکەکانی و کۆتاییهێنان بە خەباتی چەکداریی کرد، ئەمەش ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ تێکەڵبون بە پرۆسەیەکی سیاسی کە ئایندەکەی بۆ خودی پەکەکەو ئۆجەلان ڕون نیە.

پەکەکە تائێستاش چەکی قورس و ئۆردوگای مەشق و توخمە چەکدارەکانی خۆی لە دەستدایە، تائێستا هیچ ڕاگەیاندنێک سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتە ئیداری یان سەربازیەکەی نەدراوە، هەروەها وادەیەکیش بۆ هەڵوەشاندنەوەی لەو شێوەیە دیاری نەکراوە، ئەمانە داواکارین کە ئەنقەرە پێشتر ڕایگەیاندووە کە دەبێت بەجێی بهێنن!.

ڕاگەیاندنی پەکەکە لە کشانەوەی خۆی لە خاکی تورکیا، پرسیاری لەبارەی ئایندەی نفوزی ئەو ڕێکخراوە لە عێراق و سوریا کە بنکەی لقە چەکدارەکانی لێیە، دروستکردووە. ئەم هەنگاوە دەتوانێت هاوسەنگی هێز لە هەرێمی کوردستان و باوکرو ڕۆژهەڵاتی سوریا بە جۆرێکی تر دابڕێژێتەوە، لەکاتێکدا ئەنقەرە هەوڵدەدات ئەم گۆڕانکاریە بۆ یەکلایکردنەوەی ئەمنیەتی ناوچەیی بە قازانجی خۆی بە فراوانتر وەربگێڕێت.

لە واقیعدا تورکیا سەرکەوتنی بەرچاوی لە بەرەنگاربونەوەی گەریلاکانی پەکەکەدا بەدەستهێناوە، ئەمەش بەهۆی پێشکەوتنەکانی لە بواری تەکنەلۆجیا و پیشەسازی بەرگریدا. لەماوەی پێنج شەش ساڵی ڕابردوودا پەکەکە لە ناوخۆی تورکیادا گورزی قورسی بەرکەوتووە و ناچاربووە پاشەکشە بکات، تەنانەت بەهۆی ئەو بنکە سەربازیانەی تورکیا کە بە دووری ٣٠ بۆ ٥٠ کیلۆمەتر لەناو خاکی عێراق دامەزراون، پەکەکە نەیتوانیوە هێرشێکی بەرچاو ئەنجام بدات.

هەرچەندە باس لە چارەنووسی عەبدوڵلا ئۆجەلان نەکراوە و تا ئێستاش بارودۆخەکەی بە نهێنی پۆشراوە. ئایا ئازاد دەکرێت؟ ئایا دوورگەکە بەجێدەهێڵێت؟، بانگەشەی ئەوەی کە بۆ بەشداریکردن لە چالاکی سیاسیدا دێتە ئەنقەرە، بانگەشەیەکی تەواو بێبنەمایە.

بونی پەکەکە تەنیا قەیرانی تورکیا نیە؛ قەیرانێکی ناوچەییە کە ئێران و عێراق و سوریاش دەگرێتەوە. بەدرێژایی چەندین ساڵ، ئەم قەیرانە بۆتە حاڵەتێکی درێژخایەن کە ناوچەکە لەگەڵیدا ڕاهاتووە، سەرەڕای ئەو نائارامی و وێرانکاریە بێئەندازەیەی کە بەدوای خۆیدا هێناوە. گیانلەدەستدانی دەیان هەزار کەس و پەکخستنی ژیانی سەدان هەزار کەس لە هەموو وڵاتێکدا لێکەوتەی دڵتەزێنی مرۆیی بەجێهێشتووە. لەهەمانکاتدا ناسەقامگیری، نائەمنی، هەژاری، بێکاری، خراپی دۆخی خوێندن و ئاژاوەگێڕی... هەموویان دەرئەنجامی ئەم دۆخەی شەڕی نێوان ناسیۆنال فاشستی تورک و پەکەکەیە.

هەڵبەتە ئۆجەلان وەک سەرۆکی دیفاکتۆی ئەو ڕێکخراوە دەمێنێتەوە، کشانەوەی لە تورکیا بە فەرمانی ڕاستەوخۆی ئەو ئەنجام دراوە، هەروەها چۆڵکردنی هەندێک ئەشکەوت کە وەک ناوەند بەکاردەهێنرێن لە باکووری عێراقیش ڕاگەیەندراوە.

خاڵێک جێی سەرنج و پرسیارە ئەو گەریلایانەی چەکیان دانا و لە شاخەوە دابەزین پێویستیان بە چوارچێوەیەکی یاسایی هەیە کە چۆن و لە کوێ دەژین، دیاری بکات؟ یان چیان لێدێت؟ قسەیەکی لەسەر نەکراوە.

پێشوازیکردنی ئەنقەرە لە کشانەوەی پەکەکە لە تورکیا و بنکەکانی لە نزیک سنوورەکان، لەهەمانکاتدا جەخت لەسەر پێویستی دانانی چەکەکانیان لە

# لیۆن ترۆتسکی؛

## مێژووی شۆڕشی ڕووسیا

### بەرگی یەکەم: ڕووخاندنی تزاریزم

### بەشی ١٥

### بەلشەفییەکان و لینین

### (بەشی پێنجەم)

وەرگێڕانی بۆ کوردی: ئۆکتۆبەر



سوخانۆڤ گلەیی دەکات: "ئەو یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی بەلاوەنا، لەگەڵ سەرجەم سیاسەتەکانی دیکەی سۆڤیەت. ئەو باسی دەستبەسەرداگرتنی ڕێکخراوی زەوی لەلایەن جووتیارانەوە کرد، باسی بەهیچ جۆرێک بەشدارینەکردنی ... لەهەرجۆرە دەسەڵاتێکی حکومەتدا کرد".

"ئێمە پێویستمان بە هیچ کۆمارێکی پەرلەمانی نییە. پێویستمان بە هیچ دیموکراسییەکی بۆرژوازی نییە. ئێمە پێویستمان بە هیچ حکومەتێک نییە جگە لە شوراکانی نوێنەرانی کرێکاران و سەربازان و کرێکارانی کشتوکاڵی"!

لەهەمانکاتدا لینین بەتوندی خۆی لە زۆرینەی شورایی جیاکردەوە و فڕێیدانە ناو ئۆردوگای دوژمنەوە. تەنیا ئەوە لەو ڕۆژانەدا بەس بوو بۆئەوەی گوێگرانی تووشی سەرگێژی بکات"!

تەنها چەپی زیمەرڤاڵد پاسەوانی لە بەرژەوەندییەکانی پرۆلیتاریا و شۆڕشی جیهانی دەکات" – بەمشێوەیە سوخانۆڤ بەتووڕەییەوە، بۆچونەکانی لینین دەخاتەروو، "ئەوانی دیکە هەمان هەلپەرستە کۆنەکانن کە قسەی جوان دەکەن، بەڵام لە واقیعدا خیانەت لە دۆزی سۆسیالیزم و جەماوەری کرێکار دەکەن".

ڕاسکۆڵنیکۆڤ قسەکانی سوخانۆڤ تەواودەکات: "ئەو بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە هێرشیکردە سەر ئەو تاکتیکانەی کە پێش گەیشتنی لەلایەن گروپە دەسەڵاتدارەکانی ناو حزب و تاک تاکی هاوڕێکانیەوە پەیڕەو دەکران. بەرپرسیارترین کرێکارەکان لێرە بوون. بەڵام بۆ ئەوانیش قسەکانی ئیلیچ ئاشکراکردنێکی ڕاستەقینە بوون. هێڵێکی جیاکەرەوەیان لەنێوان تاکتیکەکانی دوێنێ و ئەمڕۆدا دانا." ئەو هێڵە جیاکەرەوەیە، وەک دواتر دەبینین، بە یەکجار دانەنرا.

گفتوگۆ لەسەر وتارەکە نەکرا. هەموویان زۆر سەریان سوڕما و هەریەکەیان دەیانویست دەرفەتێک بۆ کۆکردنەوەی بۆچوونەکانی خۆیانیان هەبێت. سوخانۆڤ لەکۆتاییدا دەڵێت: "هاتمەدەرەوە بۆسەر شەقامەکە، هەستم دەکرد وەک ئەوەی ئەو شەوە بە قامچەیەک بەسەرمدا کێشرابێت، تەنیا یەک شت ڕوون بوو: هیچ شوێنێک بۆ من، پیاوێکی غەیرە حزبی، لە تەنیشت لینینەوە نەبوو"!

بەڕاستی نەخێر!

ڕۆژی دواتر لینین بۆچوونەکانی خۆی بەشێوەی نوسراوێکی کورت پێشکەش بە حیزب کرد کە لەژێر ناوی تێزەکانی ٤ی نیساندا بووەتە یەکێک لە بەڵگەنامە گرنگەکانی شۆڕش. تێزەکان بیرکردنەوەیەکی سادەیان بە وشەیەکی سادە دەربڕی کە هەموان تێبگەن: ئەو کۆمارەی کە لە شۆڕشی شوباتەوە بەرهەمهاتوە، کۆماری ئێمە نییە و ئەو شەڕەی ئێستا بەڕێوەی دەبات شەڕی ئێمە نییە، ئەرکی بەلشەفییەکان بریتیەلە ڕووخاندنی حکومەتی ئیمپریالیستی. بەڵام ئەم حکومەتە لەسەر پشتیوانی سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان و مەنشەفیکەکان وەستاوە کە ئەوانیش بەدەوری خۆیان پشتیان بە متمانەیەکی جەماوەری خەڵک بەستوە. ئێمە کەمینەین. لەم هەلومەرجەدا ناتوانرێت باسی توندوتیژی بکرێت لەلایەن ئێمەوە. پێویستە جەماوەر فێر بکەین کە متمانە بە سازشکاران و بەرگریکاران نەکەن(١). "دەبێت بە سەبرەوە ڕوونی بکەینەوە." سەرکەوتنی ئەم سیاسەتە کە هەموو بارودۆخی ئێستا دەینوسێتەوە، مسۆگەرە و دەمانگەیەنێتە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا و بەمجۆرە لە سنووری ڕژێمی بۆرژوازی دەردەچێت. ئێمە بە ڕەهایی لەگەڵ سەرمایەدا دادەبڕێین و پەیماننامە نهێنییەکانی بڵاودەکەینەوە، و کرێکارانی هەموو جیهان بانگ دەکەین بۆئەوەی پەیوەندیان لەگەڵ بۆرژوازیدا شل بکەنەوە و کۆتایی بە شەڕەکە بهێنن. ئێمە شۆڕشی ئینتەرناسیۆنالیستی دەست پێدەکەین. تەنها سەرکەوتنی ئەو گرەنتی سەرکەوتنی ئێمە دەکات، و گەرەنتی گواستنەوە بۆ ڕژێمی سۆسیالیستی دەکات.

ئەم تێزانەی لینین بەناوی خۆی و تەنها بەناوی خۆیەوە بڵاوکرانەوە. دامەزراوە ناوەندییەکانی حیزب دوژمنایەتیەکی پێچراوە لە سەرەگێژەیان بەرامبەری نواند. کەس – نە یەک ڕێکخراو، نە

⇦

⇨

عێراق و سوریاش دەکات، بەڵام پێدەچێت "کشانەوە لە تورکیا" پاشەکشەیەک بێت لە "هەڵوەشاندنەوەی هێزی چەکداری پەکەکە"، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەکەکە لە عێراق و سوریا بەردەوام دەبێت لە چالاکیەکانی. واتە پێچەوانەی پرۆژەی "تورکیای ئازاد لە تیرۆر"ە، کە ئامانجی نەک تەنها کۆتایهێنان بە چالاکیەکانی پەکەکە لە چوارچێوەی خاکی تورکیا بەڵکو لە سەرتاسەری ناوچەکەشدا. بۆیە کشانەوەی پەکەکە لە خاکی تورکیا پێشهاتێکی بەرچاو نیەو هێزە چەکدارەکانی دەتوانێت لە داهاتوودا ئەندامانی خۆی لە وڵاتانی دراوسێوە ڕەوانەی تورکیا بکات بۆ ئەنجامدانی کاری چەکداری.

ئەم دۆخە تائێستا بە ناجێگیری بەڕێ دەکرێت، نە پەکەکە هەنگاوی جدی و یەکلاییکەرەوە دەنێت، نە حکومەتی تورکیا پێشوازیەکی عەمەلی و جدی و کۆتاییهێنان بە ڕوبەڕوبونەوە لە بەرامبەر پەکەکە نیشان ئەدات، لەهەمانکاتدا هەنگاوی خوازراو دروست بە کێشەی خەڵکی کوردستانی تورکیا ناداتەوە.

★

گروپ و تاک – واژۆی خۆیان لێنەدا. تەنانەت زینۆڤیف کە لەگەڵ لینیندا لە دەرەوەی وڵاتەوە گەیشتە ئەوێ، وە دە ساڵ بوو بیرۆکەکانی لەژێر کاریگەری دەستبەجێ و ڕۆژانەی لینیندا دروست بووبوون، کەچی بەبێدەنگی کشایە دواوە، ئەم کشانەوەیەش بۆ مامۆستاکەش شتێکی سەرسوڕهێنەر نەبوو، چونکە نزیکترین قوتابیەکەی خۆی زۆر بەباشی دەناسی.

لەکاتیکدا کامینێڤ پڕوپاگەندەکار(مرەویج-داعیە) ێکی جەماوەری بوو، زینۆڤیڤ ئاژیتاتۆر (موبەلیغ-محرض)ێک بوو، وە لەڕاستیدا ئەگەر دەربڕینێکی لینین بهێنینەوە، " تەنها و تەنها ئاژیتاتۆرێک". ئەو لەپلەی یەکەمدا ئەو هەستی بەرپرسیارێتیەی نیە کە ببێتە سەرکردە. بەڵام نەک هەر ئەوە. بەهۆی نەبوونی دیسیپلینی زاتیەوە، مێشکی بەتەواوی بێتوانایە لەئەنجامدانی کاری تیۆری و بۆچوونەکانی لەناو پێشبینیەکی بێشکڵی ئاژیتاتۆرێکدا دەپوکێتەوە. بەهۆی توانای بۆنکردنێکی خێرا و ناوازەوە، دەتوانێت هەر فۆرمولێک کە پێویستی پێی بێت لە هەوادا وەربگرێت – ئەوانەی کە زۆرترین کاریگەرییان لەسەر جەماوەر دەبێت. چ وەک ڕۆژنامەنووس و چ وەک وتاردەرێک هەروەکو ئاژیتاتۆرێک دەمێنێتەوە، تەنها بەم جیاوازییەوە – کە لە بابەتەکانیدا تۆ بەزۆری لایەنە لاوازەکانی دەبینیت و لە قسەکردنی زارەکیدا لایەنە بەهێزترەکەی. هەرچەندە زینۆڤیڤ لە هەموو بەلشەفییەکانی دیکە لە ئاژیتاسیۆن کردندا زۆر بوێرتر و پاراوترە، بەڵام تەنانەت لە کامێنێڤ کەمتر توانای دەستپێشخەری شۆڕشگێڕانەی هەیە. ئەویش وەک هەموو دیماگۆگەکان توانای بڕیاردانی نیە. زینۆڤیڤ لە گۆڕەپانی مشتومڕی نێوان فراکسیۆنەکانەوە بۆ شەڕی جەماوەری ڕاستەوخۆ، تاڕادەیەک بەبێ ویستی خۆی لە مامۆستاکەی جیا بووەوە.

لە ساڵانی دوایدا هەوڵێکی زۆر درا بۆئەوەی بیسەلمێنن کە ئەو قەیرانەی مانگی نیسانی ناو حزب، قەیرانێکی ڕاگوزەرو تارادەیەک سەرگێژەیەکی بەرێکەوت بوو. بەڵام هەموو ئەمانە وردوخاش دەبن کاتێک لەگەڵ ڕاستیەکاندا بەریەک دەکەون.(٢)

مانگێک بەسەر ڕاپەڕینەکەدا تێپەڕیبوو- ئەوەش ماوەیەکی دووروودرێژە بۆ شۆڕشێک و بۆ شەڕێکیش. سەرەڕای ئەوەش بۆچوونەکان لە حیزبدا سەبارەت بە بنەڕەتیترین پرسیارەکانی شۆڕش پێناسەنەکرابوون. نیشتمانپەروەرە توندڕەوەکانی وەک ڤۆیتینسکی و ئێلیاڤا و ئەوانی دیکە، شانبەشانی ئەو کەسانەی خۆیان بە ئینتەرناسیۆنالیست دەزانی، بەشدارییان لە کۆنفرانسەکەدا کرد. ڕێژەی سەدی نیشتمانپەروەرە ڕاشکاوەکان، ئەگەرچی زۆر لەوانەی ناو مەنشەفیەکان کەمتربوو، بەڵام ڕێژەیەکی بەرچاو بوو. کۆنفرانس بەگشتی ئەو پرسیارەی یەکلانەکردەوە کە ئایا لەگەڵ نیشتمانپەروەرانی خۆیدا پەیوەندیەکەی بپچڕێنێت یاخود لەگەڵ نیشتمانپەروەرانی مەنشڤیزمدا یەکبگرێت. لەماوەی نێوان دانیشتنەکانی کۆنفرانسی بەلشەفییەکاندا، دانیشتنێکی یەکگرتووی بەلشەفییەکان و مەنشەفییەکان – نوێنەرانی کۆنفرانسی سۆڤیەت – بەڕێوەچوو بۆ تاوتوێکردنی پرسی جەنگ. تووڕەترین مەنشەفیکی نیشتمانپەروەر، لیبەر، لەم دانیشتنەدا ڕایگەیاند: "دەبێت دابەشبوونە کۆنەکەی نێوان بەلشەفیک و مەنشەفیکەکان نەهێڵین، و تەنیا باسی هەڵوێستی خۆمان بەرامبەر بە شەڕ بکەین." ڤۆیتینسکی بەلشەفی بەپەلە ئامادەیی خۆی ڕاگەیاند بۆ دانانی واژۆی خۆی لەسەر هەموو وشەیەکی لیبەر. هەموویان پێکەوە، بەلشەفییەکان و مەنشەفییەکان، نیشتمانپەروەرەکان (٣) و ئینتەرناسیۆنالیستەکان، بەدوای فۆرمولەیەکی هاوبەشدا دەگەڕان بۆ دەستنیشانکردنی هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بە شەڕ.

<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<

(١) بەرگریکاران؛ مەبەستی ئەو لایەن و هێزانە بوون کە دوای شۆڕشی شوباتی ١٩١٧باسیان لە درێژەدان بە شەڕی ئیمپریالیستی دەکرد بەناوی بەرگریکردن لە نیشتمانەوە، لەبەرامبەر بەلشەفیەکاندا کە باسی وەستانی جەنگ و هاتنەدەرەوەی روسیایان لە جەنگی جیهانی یەکەم دەکرد.

(٢) ئەوەی دەربارەی چالاکییەکانی حیزب لە مانگی ئازاردا دەیزانین، قووڵترین دژایەتیی مومکین لە نێوان لینین و سەرکردایەتی پترسبۆرگدا ئاشکرا دەکات. ئەم دژایەتییەش ڕێک ئەوکاتە گەیشتە لوتکەی خۆی کە لینین گەڕایەوە. هاوکات لەگەڵ کۆنفرانسی سەرتاسەری ڕووسیای نوێنەرانی ٨٢ شورا، کە کامینێڤ و ستالین دەنگیان بە بڕیارنامەی سەروەری دا، کە سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان و مەنشەفیکەکان پێشکەشیان کرد، لە پترۆگراد کۆنفرانسی حزبی بەلشەفیکەکان بەڕێوەچوو کە لە سەراسەری ڕووسیاوە کۆبووبونەوە. ئەم کۆنفرانسە کە لینین لەدواساتەکانیدا گەیشتە ئەوێ، بایەخێکی ناوازەی هەیە بۆ هەر کەسێک کە بیەوێت دەتسنیشانی مەزاج و بۆچوونەکانی حیزب و هەموو ئۆرگانە باڵاکانی بکات وەکو ئەوەی لەشەڕەوە دەرچوبن. خوێندنەوەیەک بۆ ڕاپۆرتەکان، کە تا ئەمڕۆش بڵاونەکراونەتەوە، زۆرجار ئەو هەستە سەیرە دروست دەکات کە: ئایا ئەگەری ئەوە هەیە حزبێک کە ئەم نوێنەرانە نوێنەرایەتی بکات، دوای حەوت مانگ، بە دەستێکی ئاسنین دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت؟

(٣) نیشتمانپەروەران؛ مەبەستی ئەو لایەن و هێزانە بوو کە باسیان لە پێویستی بەشداریکردنی حکومەتی کاتی دوای شۆڕشی شوباتی ١٩١٧یان دەکرد لە جەنگدا. واتە درێژەدان بە جەنگی ئیمپریالیستی کە حکومەتی تزار یەکێک بو ولە لایەنەکانی جەنگەکە. دوای شۆڕشی شوبات دوو ئاراستە هەبوو.. ئاراستەی وەستانی جەنگ و کشانەوەی روسیا لە جەنگ کە بەلشەفیەکان نوێنەرایەتیان دەکرد. وە ئاراستەیەکی دیکە کە بۆرژوا لیبراڵەکان و مەنشەفیەکان و سۆشیالیستە شۆڕشگیرەکان نوێنەرایەتیان دەکرد..